تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دیوانی مەزڵوم

سەید ئەحمەدی شێخ محمدی بەنا بەرزنجەیی

چاپی یەکەم

سلێمانی - ٢٠٠٥

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٣١٤)

دیوانی
مەزڵوم

سەید ئەحمەدی شێخ محەمەدی بەنا بەرزنجەیی

ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی

ئومێد کاکەڕەش

چاپی یەکەم – ٢٠٠٥

دیوانی مەزلوم

ناوی نووسەر: سەید ئەحمەدی شێخ محەممەدی بەنا بەرزنجەیی
بابەت: شیعر
ئامادەکردنی: ئومێد کاکەڕەش
چاپی یەکەم: سلێمانی — ٢٠٠٥
کۆمپیوتەرو دیزاین: مەهدی ئەحمەد
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی (١٢٥)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە.

www.roshnbiri . org

پێشەكی

(مـەزڵوم)ی شـاعیر یەكێكـە لـەو شـاعیرانە كـە لـە تەمـەنێكی زوودا ماڵئـاوایی لێكردین‌و لەگەڵ چاولێكنانیدا دیوانەكەی پێچرایەوەو دەنگ‌و رەنگی نەما[1].

دەتوانین بڵێین ئەم شاعیرەمان شاعیرێكی كوردپـەروەرو نیشتمانپەرست بـووە، خۆشی‌و بەختەوەریی نەتەوەكەی بەلاوە زۆر گرنگ بووە، ئاوات‌و خواستی ئـازادی‌و رزگاریی گەل‌و خاكەكەی بووە لە دەست ئیمپریالیزم‌و زۆردار:

رەبی، مووسایەك بنێـرە قـەومی كـورد گشـت یـەك بخا
یـا دەلیـلێ تـۆ عەتاكـە، بـۆ كـوردە هەژارەكـەت
خـۆ رەزامەنـدین ئیلاهـی، دەربچـێ بـا رۆح‌و جـان
با نەمێنین‌و رزگار بین گشت لـە دەسـت رۆژگارەكـەت

بێگومـان چاوكردنەوەی رۆڵـەكانی گـەل‌و هوشیاركردنەوەیان بـەهۆی زانسـت‌و زانیارییـە تـا لـە كاروانی گـەلان دوا نەكـەون‌و بـە هیـواو ئـاواتی خۆیـان بگـەن، لـە زۆربـەی هۆنراوەكانیـدا هانـای بـۆ لای خوێنـدن بـردووە كـە چـەكی گۆڕانكـاریی سەردەمەو هەموو ئاوات‌و نیازێك دەهێنێتە دی:

خەوی غەفڵـەت تـا بەكـەی وا نۆبـەتی هۆشـیارییە
نۆبـــەتی عـــیلم‌و فنـــون‌و نۆبـــەیی بێدارییـــە
لەم زەمانـە دەردی جاهیـل، هـەر بـە دانـا كارییـە
دەردی جاهیل بێ دەواو سەعب‌و سەخت‌و سـارییە

تەنانـەت هـەر لـەو روانگەیـەوە ئاوڕێـك لە ئافرەتـان دەداتـەوەو دەیـەوێت ئـەو نەریتە كۆنە لە ناودا نەهێڵێت كە بواریان نەدەدا بە كچان بخوێنن‌و ئەم لە كچەكەی خۆیەوە دەست پێدەكات:

من كچـە كـوردێكم هوشـیار
پوختـــەو خـــاوێن‌و نـــازدار

---

[1] كاك فریدون كریم قادر باسێكی لەسەر شاعیر نووسیوە لە گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٤٦، ئاب، ١٩٨٨.

ئەچـــمە مەکتـــەب ئـــەخوێنم
رەگـــــی نـــــەزان دەردێــــنم
کـــە خوێنـــدنم کـــرد تـــەواو
ئـــەبم بـــە کچـــێکی ناســـراو

پاشان جوانیو دیمەنی خاکی کوردستانی رەنگین بۆتـە هـەوێنی هۆنراوەکانیو بە کامێرای هەستبزوێنی دیمەن بە دیمەنی ئەو کەژو کێوو کۆسارانەی گرتووە کە مرۆڤ ناتوانێ چاویان لێبتروکێنێو بۆ ساتێ بەجێیان بهێڵێ:

تۆزی خاکی کوردستانە، سـورمەیە بـۆ چـاوی کـورد
وردە بەردت چەشنی گەوهەر، پووشـەکانت یاسـەمین
ئـاوی سـافی چـەشمەکانو شـەوقی بـەفری کێوەکـان
هارەهـارِی نـەهرەکانت، میسـلی فیردەوسـی بـەرین
هەر زەمانێ تۆ کە پۆشیت بـەرگی سـەوزی نەوبـەهار
دێنـە سـەیرانت بـە جـارێ، چـەند جـوانی نـازەنین

(شێخ سەلام)ی شاعیر لەگەڵ شاخی (ملەکەوە) کەوتـە گفتوگۆ بـۆ هەڵرشـتنی ئەو داخو ناسۆرەی کە لە دڵیدا پەنگی خواردبوو لە داخی ناکۆکیو ناتەبایی قـەومی کـورد، (مـەزڵوم) بـە هـەمان هەسـتو سـۆزەوە روو دەکاتـە چـیای (کورەکاژاو)و بـەو هەنسکو داخەوە بەسەرهاتی رووخاندنی کۆماری کوردستانی لێدەپرسێت:

ئێســتاکە بۆچـی، مـاتو شـێواوی؟
بۆچی حـەزینو زەرد هەڵـگـەڕاوی؟

☆ ☆ ☆

وەقتێ کە بیستم رۆژی رەشـی کـورد
هاتمــە جــەمبوش هــەتا شــەقم بــرد
کـردم بـە سـەرما خـاکی بـێ شمـار
یەخـەی خـۆم دڕی لــە سـەرتابەخوار

شاعیر لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا ژیاوەو ژیانی گولەمەرگی بەسەر بردووە، هانای بۆ (کەرە)کەی بردووە کە پێش ئەم زۆر شاعیر باسیان کردووەو ژیانی رۆژانەیان لەگەڵدا بەسەر بردووە بۆ بژێوی ژیانیان، ئەوەتە بە کەرەکەی دەڵێت:

مایەی نۆمالّیم کەرێکی دێز بوو
چاپوكو وریا گەلێ بەهێز بوو
هەر بەناو کەر بوو رێگەو رەفتار خۆش
عەقڵی زیاتر بوو لە بەعزێ بێهۆش

ئەو داخو ناسۆرەی ژیانی دەگەڕێتەوە بۆ دنیاو چەرخی سەردەمەکەی کە زۆربەی شاعیران هاواریان لە دەست کردووەو نارەزاییان دەربڕیووە بەرامبەر بەو ژیانە کە تێیدان، ئەم شاعیرەشمان لەو هەستە پەنگخواردووە روو دەکاتە چەرخی چەپگەردی گەردوونو دەڵێت:

ئاگرت تێچێ جیهان، رەببی گەردنت شکێ بۆ کردەوەت
تۆی مەنبەعی فیسقو فەساد، تۆی ئالەتی زوڵمو قەتڵ
شاخی بەرزت رەببی دەربێ، بە دەم سزاو نەگبەتەوە
تەختو بەختت سەرنگون بێ، تا قیامەت ببی خەجەڵ

رەنگە (خەوبینین بە شەیتانەوە) بۆ تامو چێژی کارە سێکسییەکە بێتو زۆر شاعیری پێش ئەم خەوەیان دیوەو مەبەستەکەیان پێکاوە.. خەوی شاعیر جیهانی تۆڵەسەندنەوەیەو ئاواتەخوازە هەموو شەوێ شەیتان بێتە خەوی:

یاخوا سەد خێری وەها بێتە رێم
کە دوژمنی خۆم هەر بۆ خۆم بیگێم
ئەلحەمدولیلا لە رۆژی مەیدان
چەند زەربەی کاریم بە دوژمن گەیان

ئەگەر شەیتان خۆی کردبێت بەو کچە شۆخو شەنگەو لە ژوانی شاعیردا شەوی بەسەر بردبێت، رۆژانە چەندەها کیژی چاومەستو گۆنا بێگەرد بە بەردەمیدا گوزەر دەکەنو دڵە شەیداکەی شاعیر دەخەنە جۆشو بەهرەی هۆنراوەی پێدەبەخشن:

ئــەزانم نــەرمو نــازكو تــەڕی
بە خشڵی جوانی پۆشـتەو بەفـەڕی
ڕەنگینی دەڵێـی گوڵــە شەسـتپەڕی
پێم ناڵێی بۆچی لێمـان بـە شـەڕی
یا جوابــێ بـدە یـان چـاو هەڵهێنـە

ئەگەرچی زۆربەی هۆنراوەکانی لەسـەر ڕێبازی هـۆنراوەی کلاسیکەو ئاوێتـەی کردەوە بە هۆنراوەی سەردەمەکەی کە شاعیران (قانعو سـەلام) پـەیرەویان کـردووە، بە وشەی نوێ هەستە پەنگخواردووەکەی نێـو دڵو دەروونـی دەربڕیـوەو خـەڵکی بـە سانایی لە هۆنراوەکانی دەگەن، بەکارهێنانی هەندێ وشەی گرانو عەرەبی تـەنها بـۆ سەلیقە شیعرییەکەی دەگەڕێتەوە کە لـەو سـەردەمەدا بـاو بـووەو ئـەم نەیویسـتووە خـۆی لـێ لابـدا. کـە توانـای بـەدەری زاڵبـووەو جێگـۆڕکێی بـەو وشـانە کـردووە کـە ئەمەش بەهرەی شاعیر زیـاتر دەردەخـات، بەداخـەوە تەمـەنی کـورتی شـاعیر بـواری نەدا کە بەرهەمی زۆری ئـەو ڕازە پەنهانـەی دڵیمـان بـۆ ئاشکرا بکاتو باشـتر خـۆی لەگەڵ بەرهەمە نوێکاندا بگونجێنێت:

گەرچــی مــن عاســیو خەجاڵــەت بــارم
ڕوو زەردو مــەحجوب زۆر شــەرمەزارم
لــە مـوڵکی تـۆدام هــەر لــەوێ ئـەمرم
بـــە ڕووی ڕەشـــەوە دیوانـــت ئـــەگرم
خوایــە بــە جـاهی شـاهی بـوراق سـوار
خۆشبە لــە جـورمی (مـەزڵوم)ی هـەژار

ئومێد کاکەڕەش

ژیان و بەسەرهاتی شاعیر

(مەزڵوم) نازناوی (سەید ئەحمەد)ی کوڕی (سەید محەمەد)ی بەنایە[1]، لە بنەچەی شێخەکانی بەرزنجەیە (شێخ عیساو شێخ موسا).

لە ساڵی ١٩١٦ لە بەرزنجە لەدایك بووە، لەگەڵ لەدایکبوونیدا دایکی کۆچی دوایی دەکات و ئەو منداڵە حەوت ڕۆژ تەمەنە لە دنیای پڕ چەرمەسەریدا بێ نازی دایك دەمێنێتەوە، بەهۆی نەنکییەوە (دایکی باوکی) گەورە دەکرێ و نازی دەدرێتێ.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەچێتە قوتابخانەو پاش چەند ساڵێك وازی لێدەهێنێ و دەچێتە حوجرە لە بەرزنجە، لای مامۆستا (حاجی شێخ ئەحمەد) خوێندوویەتی، پاشان ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی و دەچێتە مزگەوتی هەمزە ئاغا لای مامۆستا (مەلا محەمەدی کوردی) دەست دەکات بە خوێندن و پاشان دەچێتە مزگەوتی (بن تەبەقی هەرمن) و لای مامۆستا (مەلا ڕەحیمی پەرخی) تا عیلمی سەرف[2] دەخوێنێ و لە دوای ئەوە واز لە خوێندن دەهێنێ.

لە پاش تەمەنی چواردە ساڵی بۆ بژیوی ژیانی خۆی دەستی داوەتە کەسابەت و بازرگانیی کوتاڵ و وردەواڵە فرۆشتن و دەستگێڕی، لەگەڵ دۆستێکی (شێخ ساڵح)ی کارژاوی زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی شارەزوورو قەرەداغ و بەرزنجە گەڕاون و لەو ماوەیەدا دەستمایەیەکی باشی پێکەوە ناوەو دوکانێکی لە بەرزنجە داناوەو دەکەوێتە سەر کەسابەتی خۆی بە دوکانداری.

هەر ئەو دوکانە دەبێتە قەلەندەرخانەو جێگای پیاوانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەو هاتوچۆی شاعیران و ئەدەبدۆستان و سیاسەتمەداران و گەورەپیاوانی میری کە ئاڵوگۆڕی باسی ئەدەبی و ڕۆژگاری تێدا دەکرا. ئەوەی کە هاندەری ئەم بەیەکگەیشتن و چاوپێکەوتنانە بووە، دەوری شاعیر خۆی بووە کە پیاوێکی دەمڕاست و ڕێکخەری نێوان خەڵکی بووە، هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسەخۆش و

---

[1] سەید محەمەدی بەننا، وەستایەکی شارەزاو کارامە بوو لە دروستکردنی خانوبەرەدا بۆیە ئەو نازناوەی بەسەردا بڕاو بە شێخ مەحەمەدی بەننا ناسراو بوو.

[2] هەر لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێت:

لەگەڵ ئەم حاڵە بێ فلس و موفلیس
چواردە ساڵ بووم گەییمە تەسریف

دڵفراوانو دڵسۆز بووە، دژی شێخو ئاغاو دەرەبەگ بووە، دەستی یارمەتیی درێژ کردووە بۆ هەژارانو نانبدەر بووە.
نیشتمانپەروەرییەکەی ئەوەندەی دیکە خۆشەویستی کردبوو لای خەڵکیو ئەو هەڵوێستەی وایلێکردبوو کە بە نهێنیی پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە هەبێت، تەنانەت هەوڵی دەستەمۆکردنی پیاوانی میری داوە بۆ پاراستنی گیانی ئەو کەسانەی کە ناویان بەهۆی سیاسەتی ئەو سەردەمەوە دەهێنراو مەترسیی گرتنیان بوو.
(مەزڵوم) هاودەمی (موفتی پێنجوینی)و (قانع)و (شێخ سەلام)و (فەوزی)و (شێخ نوری شێخ ساڵح)و (شێخ جەعفەر حسین بەرزنجی)و (مەلا شێخ حەیدەری حاجی مامەند) بووەو هۆنراوەیان بۆ یەکتری ناردووە، بەداخەوە لەگەڵ ماڵئاوایی شاعیردا کە بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە لە رۆژی ١٩٥٥/٨/٩ لە تەمەنێکی کورتی (٣٩) ساڵیدا لە نەخۆشخانەی مەلەکی لە شاری سلێمانی چاو لێکدەنێو لەگەڵیدا دیوانەکەی دەپێچرێتەوەو بێناز دەمێنێتەوە.

بۆ مامۆستا کزەڵ

بە ناوی بنەماڵەی (مەزڵوم)ی شاعیرەوە گەرمترین رێزو سوپاسی خۆمان پێشکەش بە مامۆستای رۆشنبیرو دڵسۆزو بە وەفا مامۆستا مەلا مەحموود (کزەڵ) ئەکەین کە ساڵانێکی زۆر ئەم دیوانەی لە فەوتان رزگار کرد. هەروەها رێزو سوپاسی بێپایانمان پێشکەش بە مامۆستای ئەدیبو رۆشنبیر مامۆستا ئومێد کاکەڕەش) دەکەین کە دڵسۆزانە دیوانەکەی لە پاش پێداچوونەوە ئامادەی کردو پێشەکیی بۆ نووسیو سەرلەنوێ بە رێنووسی سەردەم دایڕشتەوە.
هەروەها رێزو سوپاسمان بۆ برای دڵسۆزو خۆشەویست مامۆستا حسین عوسمان نێرگزەجاڕی کە ئەرکی زۆری کێشا بۆ پێداچوونەوەی ئەم دیوانە، داوا لە یەزدانی گەورە ئەکەین کە هەردەم دەستبەکار بن بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی، خوا نموونەیان زیاد بکات.

عمر سید احمد (مەزڵوم) بەرزنجی

ئەم دیوانەم چۆن پاراست؟

لە کاتی سەرەمەرگیدا زۆر پەرێشان بوو، بانگی شێخ (محی الدین)ی ئامۆزای کردوو پێیگووت: من تازە رۆیشتم، بەڵام مەلا مەحمود (کزەڵ) بێکەسە لەم ناوچەیەدا، ئاگاداری بکەو پەیوەندیی لەگەڵدا مەبڕە تا ئەتوانی، بەڵێ خوا هەڵناگرێ تا لە ژیاندا بوو دۆستو دڵسۆزو برام بوو. وا رێکەوت هات بۆ لام، (شێخ محی الدین) ماڵی لە بەرزنجە بوو، دیوانەکەی دەستنووسی (مەزڵوم) خۆی هێنای بۆم بە نیازی ئەوەبوو بیخاتە ژێر چاپەوە، وتی: خۆت لەگەڵ خوالێخۆشبوودا ژیاویت، ئەزانی ئەو شیعرانە بە سۆنگەی چییەوە وتوویە، وەکیل بە ساغی بکەرەوە، بە خەتی خۆت چاك بینووسەرەوە لە یەك لاپەڕەداو ئەویتری با پاكو خاڵی بێت. منیش بە خەتێکی زۆر چاكو پاراو نووسیمەوە لەگەڵ پەراوێزدا، دامەوە دەستی خۆی بەڵام نوسخەی یەکەمی لای خۆم هێشتمەوە، بیرم کردەوە نەك ئەمەیان کارەساتی رۆژگار لەناوی بەرێت با بنەماکەی بمێنێتەوە.

بەڵێ مامۆستا (قانع) لە (شێخ محی الدین)ی وەرئەگرێتو ئەیباتو هەر ئەو بردنە بوو، وەکو زانیمان لەگەڵ هەندێك شتی نەختینەی خۆیو هۆنراوەی لە بیرێکدا گۆڕ ئەکرێ، ئیتر لەناو ئەچێت بۆ هەتا هەتایە.

شینمە، دیسان گەرمە شینمە
بۆ (مەزڵوم)و (قانع) هێزو تینمە
کەڵە مێردانی ئەم کوردستانە
ئاوا گۆڕ ئەبن لە بێ بینمە
ئەیانووت ئێوە چەواشە ئەبن
ئای لە ئەو رۆژە سەرەی قینمە

وا دووبارە لەسەر هەمان بنەما کۆنە دیوانەکەی پیائەچمەوە، راستو لەنگو چەوتی رێنووسەکانی تێبینی ئەکەم، بە دڵسۆزییەوە نەمهێشت بفەوتێت. دەسا فەرموو کەسانو دڵسۆزانی مەزڵوم ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، هیممەت بنوێنن تا مەزڵوم نەمرێت وەکو ئەو شاعیرانەی بێ ناونیشان سەریان نایەوە بە کوڵی ئەفسوسو کاشکیو ئەندۆهەوەو خۆزگەوە، بە ئەندۆهۆ کاشکییەوە کە پیا نەگەیشتبوو رۆیشت[1].

[1] شێخ عومەری کوڕی شاعیر دەستنووسی شاعیری بۆ هێنام کە بە خەتی شکستی فارسی نووسرابوو کە هەر ئەو دەستنووسەیە کە مامۆستا کزەڵ پاراستوویەتیو ناوی ناوە دیوانە کۆنەکە. ئەو دەستنووسەی مامۆستا کزەڵ ساغی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە بۆ چاپ بە دەستمان نەگەیشت (ئومێد).

بیرەوەرییەك

شاعیری پێشکەوتنخواز (مەزڵوم) سید أحمدی شێخ محمدی بەننا دوکانێکی لە ژێر خانووەکەیداو لە ناوەڕاستی (برزنجە)دا کردبوو بە قەلەندەرخانەو یانەی رۆشنبیران‌و شاعیران‌و پیاوماقوڵانی سەردەمی خۆی.

من قوتابیی ناوەندی بووم لە سلێمانی ساڵی ١٩٤٧و ساڵانی بەرەوژوور، ئەو کاتە مامۆستا (قانع)ی شاعیر ماڵی لە بەرزنجە بوو لە قوتابخانەی ئەوێ وانەی ئەوتەوەو دوای دەوام کاتەکانی لای (مەزڵوم) بەسەر ئەبرد بە شیعرو پەندی پێشینان‌و شیعری شاعیران‌و گوڵستان‌و بۆستانی سەعدی شیرازی کە مەزڵوم زۆربەیانی لەبەر بوو، منیش لە پشووی هاوینا خۆم ئاوێتەی ئەو کۆڕو کۆمەڵە ئەکرد، گوێم بۆ وتەکانیان شل ئەکرد، کاتێك مامۆستا (قانع) لەوێ نەما شاعیری خوالێخۆشبوو (شێخ أحمد شێخ غەنی) مامی (شێخ نوری شێخ صالح) نەقڵی بەرزنجە بوو، بە هاتنی یەکسەر بەم مەڵبەندی رۆشنبیرییە ئاشنا بوو کە ئەمەیش لە سەردەمی (هادی رشید چاوشلی)دا بوو کە یەکێ بوو لە عاشقانی ئەدەب.

(مەزڵوم) مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازو ئاشتیخواز بوو، هەمیشە وێردی سەر زمانی باسی نەتەوەی کوردو چۆنیەتی گەیشتنی بە مافی رەوای خۆی وەك گەلانی تری جیهان، لەو کاتەدا منیش لە بزوتنەوەی نیشتمانیدا کارم دەکرد، باسی خەباتی گەلان‌و چالاکییەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی نێو عێراقم بۆ دەگێڕانەوە، هەروەها لەوەش ئاگادارم کە ئەم شاعیرە پەیوەندی تۆکمەی هەبوو بە رێکخراوی (ئاشتی‌خوازانە)وە کە مامۆستا گۆران رابەریی دەکرد.

نەمری بۆ گشت شاعیران‌و ئەدیبانی گەلەکەمان.

بابەعەلی شێخ ئیسماعیل بەرزنجی
٢٠٠١/١٢/٧

چەپکە تیشکێك

ئەوەی کەمێك لە ژیانی (مەزلۆم)ی شاعیر شارەزا نەبێت وای بۆ دەچێت کە ئەم شاعیرە بە راستی مەزلۆم بووە، هەرچەندە زۆرینەی شاعیرانی کورد تا رادەیەك چەوساوە بوون، بەلام بەندە ئەوەندەی لە نزیکترین کەسی خۆیەوە بۆم باسکراوە خۆشگوزەران و ژیانی ئاسایی بووە، بگرە لەچاو ژیانی ئەوکاتەی شارۆچکەی بەرزنجەدا وەك سامانداران ژیاوە، پێدەچێت لە ژیانی سۆزداریدا مەزلۆم بووبێت، لێرەدا گوتەیەکی (ستیڤن سپینەر)ی شاعیرم دێتەوە یاد کە دەڵێت: خۆزگە وەك شاعیرێکی ئینگلیزی دەژیام و وەك شاعیرێکی عەرەب دەمردم چونکە ئەوەی لە مردنی شاعیرێکی عەرەبدا خەرج دەکرێت خودی شاعیر نیو هێندەی لە ژیاندا بۆ خەرج نەکراوە.

بەلام (مەزلۆم)ی شاعیر وەك (مەلیحەخان)ی خێزانی بۆی باس کردووم وەك هەردووکیان ژیاویشەو مردووشە، مەزلۆم چەندە ژیانی لا خۆش بووە هێندەیش لەوە گەیشتووە کە ژیانی بە بێ رەنج و ماندووبوون، بە بێ خەبات و قوربانیدان گەشە ناکات و سەقامگیر نابێت، دەنا (مەزلۆم) بۆ هاوکاریی پارتە نهێنییەکانی ئەو کاتە دەکات، بە بەیاننامەو ئەدەبیاتیان لێوەردەگرێت و دەیانهێنێت بۆ بەرزنجە؟ دەنا بۆ دەچێتە بزوتنەوەی ئاشتیخوازان کە مامۆستا (گۆران)ی نەمر ئەندامی کارای بووە؟ دەنا بۆ وا بە توندی ستەم و ستەمکاران بە شیعر دادەشۆری و ریسوایان دەکات؟ دەنا بۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕێکی بزێوی وەك (شێخ جعفری شێخ حسین) دەست تێکەڵی دەکات و قەلەندەرخانەکەی دەکات بە مەکۆی خەباتگێڕان و رۆشنبیران؟!

لە رۆژگارێکدا کە دیوەخانەکانی شاری سلێمانی وەك ماڵی شێخ لەتیف و حەمەی ئەورەحمان ئاغاو عزمت بەگ و...... رۆڵێکی کاریگەریان دەگێڕا لە بواری گەلاڵەبوونی هەڵوێستە سیاسییەکان و راپەڕینە جەماوەرییەکاندا، بەڵێ لەو کاتەدا قەلەندەرخانە چکۆلەکەی (مەزلۆم) و دوکانەکەی لە بەرزنجە هەمان رۆڵیان گێڕاوە چ لە ئاستی ناوچەی بەرزنجەو چ لە شارۆچکەی خۆیدا.

شاعیری میللی کورد (مامۆستا قانع)ی نەمر شاعیری هەژاران بوو، دۆستێکی زۆر نزیکی مەزلۆم بوو، ساڵانە سەردانی بەرزنجەی دەکرد، جارێك بە قانعی گوت بۆ

وا رووتەڵەو شڕپۆشیت، ئەگەر پێت خۆشبێت لە سلێمانی دوکانێکت بۆ دائەنێم، هەر کڵاوی تیا بفرۆشەو ئیتر لەم شڕۆڵییە رزگارت دەبێت. (قانع)یش دەڵێت سید أحمد بڕوا بکە ئەگەر من دوکانی کڵاوفرۆشی دابنێم خوا لەمەودوا مرۆڤ بە بێ سەر خەلق ئەکات!.

لە کۆتاییدا من لەوە دڵنیام کە کاروانی رۆشنبیریمان لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا لە خۆڕا چالاك نەبووە، دەیان شاعیری وەك (بێکەس)و (پیرەمێرد)و (قانع)و (مەزلوم)و (سەلام)و (موفتی توتنچی)و (بەنگینە)و (کزەڵ) ئەو کاروانەیان چالاکترو دەوڵەمەندتر کردووە.

ئەوەی شیاوی باسە بۆ رێزنان لەم شاعیرە لێهاتووە کۆمەڵێك لە دڵسۆزان و رۆشنبیران لە رۆژی (١٩٨٧/٤/١٠)دا یادێکی شکۆمەندو شایستەیان لە بەرزنجە ساز کرد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی سلێمان و دەوروبەر، چەندین گوتارو پارچە شیعری تیا خوێندرایەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی عاشقانی وشەی کوردی بە تایبەتی (مەزلوم)ی شاعیر.

حسین عوسمان نێرگسەجاڕی
سلێمانی
٢٠٠٢

ئەی وەتەن جەنناتی دنیام

ئــەی وەتــەن جــەنناتی دنیــام.. خــاکی کوردســتانتە[1]
حەوزی کەوسەر، ئاوی ســافی، چــەشمەکەی کوێســتانتە[2]
لــەزەتی میــوەی بەهەشــتی، تــەعمو بــۆی تــۆ ئــەدا
ســـێو و هـــەرمێو هـــەنارو میـــوەی بۆســـتانتە[3]
وەقتــی نــەورۆزی بــەهاری، گــوڵ کــە خێمــە هەڵبــدا
ســـەد (ئــیرەم) لای نانوێنــێ (رەوزەی ریزوانتـــە)[4]
خوا لـە قورئاندا ئەفەرمووێ وەسفی جەنـنـەت بـێ میسـال
وەك ســـەفای بـــاغی میللــــیو ئـــاوی کانێســـکانتە
ئەی وەتەن شایانی مەدحــە، شــاخو دەشــتو کێوەکـەت
یەك بە یەك ئەشــکەوتو غــارت، قەسرەکەی عەدنانتــە
گــەر سەریشــم دابنــێم، دایـم لــە وەسـفت هــەر حەقــە
نەقــــدی جانیشــــم فیــــدای لاوەکــــەی کوردانتــــە
بولـبـولی عاشـق بـە حوسـنی غونچـەکەی بـاغی گوڵـت
هــەر وەکــو (مــەزڵوم) بــە دائــیم عاشــقو حەیرانتــە

---

[1] جەننات: بەهەشت.
[2] چەشم: سەرچاوە.
[3] بۆستان: باخو باخچە.
[4] ئیرەم: باخێکە لە بەهەشتا هەروەك (رەوزەی ریزوان).

ئەی وەتەن موشتاقی تۆیە

ئەی وەتـەن موشـتاقی تۆیـە، کـورد زوبـانی سـەر زەمـین
ئـــارەزووی گەرمییانـــە، عاشـــقی کوێســـتانی شـــین
تـۆزی خـاکی کوردسـتانە، سـورمەیە بـۆ چـاوی کـورد
وردە بـەردت چەشـنی گەوهـەر، پووشـەکانت یاسـەمین
ئـاوی سـافی چـەشمەکانو شـەوقی بـەفری کێوەکـان
هارەهـارِی نـەهرەکانت میسـلی فیردەوسـی بـەرین
هەر زەمانـێ تـۆ کـە پۆشـیت بـەرگی سـەوزی نەوبـەهار
دێتـە سـەیرانت بـە جـارێ، چـەند جـوانی نـازەنین
رۆژی سـەیرانە، ئـەبینم تـاقمی کـوردی جـوان
دێـنو دەرِۆن وا بـە نەشـئەو دەم بـە کـەیفو پێکـەنین
ئێمـە ئـەولادی کـوردینو کوردسـتانە جێگـەمان
بـۆ (تـەرەقی) نیشـتمانیو بـۆ عـیلم، تـا (چـین) دەچـین[٥]
ئـەی جـوانو لاوی کـورد، عـیلمو زانـین فـەرزە بـۆت
بـا بخـوێنین، بـا سـەعی کـەین، تـا لـە عالـەم دەرکـەوین
وەك عەرەب دەستم بە دامان ئەی رەفیقـانی کـورد زوبـان
بـا وەکـو (مـەزلوم) نـەبن چـاو بـە گریـەو دڵ حـەزین

---

[٥] تەرەقی: پێشکەوتن، سەرکەوتن.

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی

ئەی وەتـەن چـەند خۆشەویسـتی لای مـن‌و ئەحبابەکـەم
مەزرەعەی عیلم‌و فـەننی، تـۆی مەنبـەعی ئەفکارەکـەم[1]
تـۆی وەتـەن، مایـەی سـروودو مەرهـەمی ئازارەکـەم
رەونـــەقی بـــاغی علـــوم‌و مەعـــدەنی ئەســـرارەکەم
بـۆ (بـەیانت) هاتـە جـەنبووش، وا دڵـەی ئاوارەکـەم[2]

☆ ☆ ☆

قەومی کـورد ئیـتـر لـە ژێـر بـاری میحنـەت بێتـە دەر
تەوقی زیللـەت بـا فڕێـدەین، تـاجی شـاهی کەینـە سـەر
حوڕو مەزبوت، با بە جارێ شـاەو دەروێـش‌و بەگلـەر[3]
گۆی جەهالـەت بە چۆگانی عیلم‌و فـەن دەرکەینـە دەر[4]
لێبـــدەین چـــەپڵەو بخـــوێنین (شـــەرقیە)و ئەشـــعارەکەم[5]

☆ ☆ ☆

نـــەمامی نـــەورەس‌و تـــازە جوانـــانی وەتـــەن
عـاقڵ‌و هوشـیارو وریـا، پـڕ لـە دەرك‌و عـیلم‌و فـەن
بێنـە مەیـدانی فەسـاحەت بولبـولانی رووی چـەمەن
جـان فیـداو، جـان نسـارین بـۆ تـەرەقی رێـی وەتـەن[6]
بـا هـەموو یـەك بـین‌و تێکۆشـین لەسـەر ئیقرارەکـەم

☆ ☆ ☆

خـەوی غەفڵـەت تـا بـە کـەی وا نۆبـەتی هۆشـیارییە
نۆبـــەتی عـــیلم‌و فنـــون‌و نۆبـــەیی بێدارییـــە
لـەم زەمانـە دەردی جاهیـل هـەر بـە دانـا کارییـە
دەردی جاهیـل بـێ دەواو سـەعب‌و سـەخت‌و سارییە[7]
بۆیە (مەزڵوم) هاتە جەمبوش ئەو دڵەی بێچارەکەم

---

[1] مەنبەع: سەرچاوە. [2] جەنبوش: جولاندنەوە. [3] حوڕ: سەربەست. بەگلەر: بەگ.
[4] گۆی: خڕە وەك تۆپ‌و لە دارە گەمەیەکی کوردییە. چۆگان: گۆچان. [5] شەرقیە: سروودی نیشتمانی.
[6] جان نسار: گیان بە قوربانکردن. تەرەقی: پێشکەوتن، سەرکەوتن. [7] سەعب: گران.

ئەی وەتەن بۆ سیسە رەنگت

ئـەی وەتـەن بـۆ سیسـە رەنگـت وا پەشـێوە حاڵەکـەت
شـەوقی ئیقبالـت نـەماوە، وێـران دیـارە ماڵەکـەت
لەشکری عـیلمو فنونـت چـی بەسـەر هـات، کـویّ رۆیـی
وا زەلیلـی دەسـتی جەهلـە، عـاقڵو هوشـیارەکەت
عەسـکەری غـەم لاوەکـانی تێکشـکانو رایفـڕان
بۆیـە ئەسـیرن وا بـە جـاریّ نـازكو نازدارەکـەت
رەببـی مووسـایەك بنێـرە قـەومی کـورد گشـت یـەکبخا
یـا دەلیـلیّ تـۆ عەتاکـە بـۆ کـوردە هەژارەکـەت
خـۆ رەزامەنـدین ئیلاهـی، دەربچـیّ بـا رۆحو جـان
بـا نـەمێنینو رزگـاربین گشـت لـە دەسـت رۆژگارەکـەت
تۆ لـە (مەزڵوم) مەگرە عەتەب ئەی وەتەن سـەدجار دەخیـل[2]
با سەراسەر خۆ لە قـورِ نـێم بـۆ کوردەکـەی غەمبارەکـەت

---

[2] عەتەب: تانەو تەشەر.

نەورۆز

نـــەورۆز بـــەخێربێی، جـــەژنی نەوبـــەهار
دنیـــات نـــەجات دا، لـــە ســـەرما یـــەکجار
ســـوپای عـــەدلی تـــۆ گەیشـــتە لامـــان
نـــوقمین لـــە گوڵـــدا ســـەرتابەدامان
بـــە هـــەوات لـــە جێـــی گـــەرمیانو کوێستان
گـــوڵ خێمـــەی هەڵـــدا بەیـــداغی چـــەقان
درەختـــی دەشـــتو چـــیاو لاپـــاڵان
کردیـــان بـــە بـــەردا کـــەوای ســـەوزو جـــوان
دەســـتەی گـــوڵی جـــوان، پەســـەندی نـــازدار
خـــۆی ئاریشـــدا لـــە کـــانیو کۆســـار
نێرگسی رووخۆش وەك جـوانی سـەر مـەس
خۆی کرد بە ساقیو پیاڵـەی زەڕ[1] بـە دەس
(کـــەنێرە) بـــۆنی خۆشـــی حـــازر کـــرد
بـــە بـــۆنی خۆشـــی جیهـــانی پـــڕ کـــرد
لـــە وشـــکە چـــەمان، ئـــاوان جـــاری بـــوون
ئاوەڵو چەمەن گشت سـەوزو شـین بـوون[2]
هـــاژەی قەڵبـــەزان شمشـــاڵی لێـــدا
بـــای وەعـــدەی بـــەهار لـــە هەڵپەڕکێـــدا
مـــەلانی عاشـــق لـــە گـــوڵزاری شـــین
بەســـتە ئـــەخوێنن بـــە لەهجـــەی شـــیرین
گـــڕ وەك ئـــاگری زەردەشـــت هەڵگیرســـا
(مـــەزڵوم) لـــە مـــەدحت دەنگیشـــی نووســـا

---

[1] زەڕ: زەڕلی، جۆرە پیاڵەیەکە بۆ چا خواردنەوە بەکار دەهات.

[2] ئاوەڵ: چەمو کانی چکۆلە.

جەنگی دووەم

مــوژدەی نەســرەتە لــە هــەموو لاوە
ئەڵــەمانیان شــکان، گــەڕاوە دواوە
لەشکری چەرچڵ وەك شێری جــەنگی
هێتلــەری تــەواو هێنایــە تــەنگی
ئیتالیــای لێکــرد وا پشــتی شــکا
نفــوزی نــازی لای چەرچــڵ نــەما
هێتلــەر هــاتووە دوژمــن بکــوژێ
هەر خۆی لــە مەیدان خــوێنی ئــەڕژێ
کــردەوەی وایــە لــە زووەوە ئــەڵمان
شــەڕی خــۆترێن ئــەکا بێگومــان

☆ ☆ ☆

کــوا هــەراو گــوڕەو گــەزافی هێتلــەر
ئــەیووت ئــەیگرم میســرو ســکندەر[۳]
ئەو دنیــای بــە گــای بــێ کــاوان زانــی
بگــرێو بکــوژێو بکــا تــالآنی
لــە بــۆ ریشــی هــات سمێڵــی نــا بــان
کــردەوەی وایــە هێتلــەری تــاوان
لای ئینگلیــز، ئــەڵمان نیــەتی نگــین
وەك شــەڕی پێشــوو ئەیباتــە بــەرلین

---

[۳] مەبەست لە شاری (ئەسکەندەرییەی میسرە).

من کچە کوردێکم

من کچــە کــوردێکم هوشــیار
پوختـــەو خـــاوێن‌و نـــازدار
ئەچـــمە مەکتـــەب ئـــەخوێنم
رەگـــی جـــەهل دەردێـــنم
کـــە خوێنـــدنم کـــرد تـــەواو
ئـــەبم بـــە کچـــێکی ناســـراو
لـــە رێـــی بـــەرزیی وڵاتم
ســـەر دانانـــە ئـــاواتم
بـــۆ خزمـــەتی هۆزەکـــەم
لـــە مەیـــدانا تـــۆز ئەکـــەم
بـــە شمشـــێری ئیتیفـــاق[1]
دەردێـــنم رەگـــی نیفـــاق
خوومـــە راســـتی‌و ئـــازادی
ئـــەژیم بـــە خۆشـــی‌و شـــادی

---

[1] ئیتیفاق: یەکگرتن.

منداڵێکی بچووک

مـــن منـــداڵی بچـــووکم، عـــومرم ســـاڵی تـــەواوە
گـــەر ئەپرســـی لـــە نـــاوم (عەبدولحەمیـــد)م نـــاوە
بـــابی منـــە (ســـەید ئەحمـــەد) لەقەبەکـــەی (مـــەزڵوم)ە
ئیســـمو شـــوهرەتو کونیـــەی لـــەم نـــاوەدا مەعلومـــە
لـــە رووی لوتـــفو مەرحەمـــەت، نەســـیحەتی ئـــەکردم:
لـــە بـــۆ عـــیلمو مەعریفـــەت بـــەرەو خـــۆری دەبـــردم
رۆڵـــە، هـــەتاکو لاوی لـــە بـــۆ عـــیلمو مەعریفـــەت
ســـەعیکە تـــۆ بـــە دائـــیم، بگـــرە رێگـــەی حەقیقـــەت
شـــوعلەی عیلمـــت دەربخـــە لـــە تـــاریکی جەهالـــەت
دڵ پـــڕ بکـــە لـــە شـــەوقی عـــیلمو فـــەنو عەدالـــەت
ئـــەبێ خزمـــەتی وەتـــەن بـــە دڵ، بـــە فـــەرز بزانـــی
(حـــوببی وەتـــەنت بـــێ)، ســـاحێب دیـــنو ئیمـــانی
نەســـەبی خـــۆت بناســـە بزانـــە کـــە تـــۆ کـــوردی
ســـاحێبی شـــاهۆ ســـوڵتان خـــاوەنی شـــێرو گـــوردی
بـــۆ ناســـینی قـــەومی کـــورد عـــیلمو تـــەئریخ بزانـــە
بـــە چـــاوی خـــۆت ئـــەبینی کـــە کـــورد شـــێری ژیانـــە
چـــەند شـــاهۆ، چـــەندە ســـوڵتان لـــە تەئریخـــدا بەیانـــە
یەکـــە پیـــاوێ مەشـــهوورە ســـەرکردەی میدەکانـــە
کـــوردانی بـــاوکو بـــاپیر (مـــەزڵوم) نـــەبوون وەك ئێمـــە
ئـــەیان گـــوت کوردســـتان دایکمـــە هـــەم نیشـــتەجێمە

چاوێ هەڵبێنە[1]

چـــاوێ هەڵبێنـــە، چـــاوێ هەڵبێنـــە
گیانە بە عیشـوە بـەس خـۆت بنوێنـە
ئـــارام لـــە دڵـــی عاشـــق مەسـێنە
تۆبیـــو جوانیـــت جـــەفا مەنوێنـــە[2]
وەکـــو عاشـــقان چـــاوێ هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

بە چـینی زوڵـفو پەرچـەمی زەردت
بە ورشەو پرشەی گۆنـای بێگـەردت
بە لـەهجەی خۆشو شـیرینی فـەردت
هـــەرمن موبتـــەلام بـــە داوی دەردت
سـا بـــە نەزاکـەت چـاوێ هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

عاشـــقم، ســـەبرم زۆر لا گرانـــە
راســتە (دڵــداری پــەنهانی) جوانــە
دڵـدار شـەرمن بـێ زۆر بـێ ویجدانـە
لـە کوێ رووپۆشین پیشـەی جوانانـە؟
سـەرپۆش فڕێـدەو چـاوێ هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

---

[1] ئەم هەڵبەستە لە گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی پێنجەم، ژمارە/ ٥، تەمموزی ١٩٤٤دا بڵاو کراوەتەوە.
[2] جەفا: ستەم.

بـــۆ خـــۆت ئـــەزانی گرفتـــاری تـــۆم
کـــردەوەی تۆیـــە زامـــانی بـــە ســـۆم
بـــۆ تـــۆ دێوانـــەو دیـــلو رەنجـــەڕۆم
خۆشـــم نـــازانم رووەو کـــوێ بـــڕۆم
بـــۆ منـــی هـــەژار چـــاوێ هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

ئـــەزانم نـــەرمو نـــازكو تـــەڕی
بـــە خشـــڵی جـــوانی پۆشـــتەو بەفـــەڕی
رەنگینـــی دەڵێـــی گوڵـــە شەســـتپەڕی
پـــێم نـــاڵێی بۆچـــی لێمـــان بـــە شـــەڕی
یـــا جوابـــێ بـــدە یـــان چـــاو هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

بـــۆ خـــۆم فامـــانم ئـــەبێ بـــە ئێشـــم
ئـــەبێ بـــە نەشـــتەر دڵـــەی پـــڕ ئێشـــم
ئـــەبێ بـــە ئـــازار دەروونـــی رێشـــم
هـــەتا کـــەی ســـزاو ناســـۆر بکێشـــم
بـــۆ دەوای دەردم چـــاوێ هەڵبێنـــە

☆ ☆ ☆

میوانی تۆم

میــوانی تــۆم ئــەم ئێــوارە، تــۆ بزانــە بــە یــەکجار
ماچــم ئــەوێ، ماچــم ئــەوێ، ســـەیرانێکی بێشـــمار
داوا ئەکەم مەقسـو دەکـەم! نیگایـەکی گـەرمو گـوڕ
دەم بخەرە ناوی دەمــم دەسـپێبکەین (بـۆسو کـەنار)[1]
لـە باخاتی حوسنی سینەت بـە موحیبـەت پـێم عەتاکـە
دوو لیمــۆی (تــازە دەســی) نــازەنینی نەزاکەتــدار
لــەم دەعوەتــە بــا فرســەتبێ بــێ تۆبیــو خــوا ڕەقیبــانم
با سەراسەر خـۆ لــە قـوڕنێن ســەرو دامـان تابـەخوار
باکت چییە (مەزڵوم) ئەمڕۆ ئەم دەعوەتە هەر بـۆ تۆیـە
بخۆ بخۆ نەفست کوێرکە لــە چیمەنو بـاخو گـوڵزار

---

[1] بۆس: ماچماچێن.

غەزال

مەعشـــوقی منـــە، غـــەزال دولبـــەرم[٢]
مـــەحبوبی خۆمـــە شـــێوەی ســـروەرم
چـــاوم چـــاوەڕێی فـــەرمانی عەینـــە[٣]
دڵ پەشـــــێواوی خـــــەمی زوڵفەینـــــە
بـــاغی ئیرەمـــم خـــەت و خـــاڵی لـــەیل
کـــانی گەوهـــەرم کـــەلامی بـــە مـــەیل[٤]
هەتا مەیلت بـوو، عەشـقت لـە سـەرما
بـە بـێ مـەیلی تـۆ دڵ شـەوقی نـەما
پیشـــەی فـــەرهادەو، مەجنونـــە کـــارم
وێـــڵ و ئـــاوارەی کـــەژو کۆســـارم
کتێبـــە: کەشـــکۆڵ، قەڵەمـــە: عەســـام
دەروێشـــی ئەکـــەم تـــا (یـــوم القیـــام)[٥]
(مەزڵوم)ی بێکـەس بـێ بـەهرەو ئیقبـال
پشـــتیوانت بـــێ یـــەکتای (ذو الجـــلال)[٦]

---

[٢] غەزال: ئاسك.
[٣] عەین: چاو.
[٤] کەلام: قسە.
[٥] یوم القیام: ڕۆژی هەستان، ڕۆشی زیندووبوونەوە.
[٦] ذو الجلال: خاوەن شکۆ (مەبەست لە خوایە).

کوشتمی

کوشـــتمی عەشـــقم نـــەما
بـــەزەیی پیامـــا نـــەهات
نـــەفرەتی کـــردم کچـــێ
بـــۆ دەوای دەردم بـــدات
مایـــــەی ســـــوتانمە
مەرهـــــەمی دڵـــــی زارم
خســـتمییە بـــەحری میحنـــەت
بـــۆ شـــیفای دەردم نـــەهات
کەمەنـــدی هـــەردوو پامـــە
وا ئەســـیری خـــەراباتم[1]
بـــە دائـــیم قـــوڕ دەپێـــوم
بـــەڵکو یـــارم نیگـــا بکـــات
بـــۆ دڵـــی لـــەت لـــەت کـــردم
رەفیقـــی چـــۆڵ و دەشـــتم؟
دەرمـــانی دەردم بکـــــە
لێـــو لەســـەر لێـــوم بخـــات
فرێـــی دە بـــا دەرکـــەوێ
وردە خـــاڵی دەوری لێـــوت
ئەگریجـــەی خـــاوو زەردت

[1] خەرابات: مەیخانە.

دەمـــاغم بـــۆ موعەتـــەر كـــات
توخــــــوا شــــــيرين ئاســــــا
بـــە نـــاز منـــی بێكـــەس بلاوێنـــە
برێـــژە خـــوار ئەشـــكی خـــوێنين
بـــۆ مەزرەعـــەی جـــەورو جـــەفات
گرفتـــــاری دەردی عەشـــــقم
وەكـــو فـــەرهاد غـــەرقی خـــونم
ئينتزاری وەسـڵی تۆيـە (مـەزلوم)
(حـــين يـــأتي وقـــت الوفـــات)[٢]

[٢] هەتا ئەو كاتەی دەمرێت.

لوتفی یارم

کە من لوتفی ئەو یارم بێ بە سەروەتی دنیای نادەم
هەتا لەنجەی دڵدارم بێ بە زینەتو زێبای نادەم
کەمەر بەستەی عەشقی یارم لە دنیادا هەتا ماوم
چاوی رەشی مەحبوبی خۆم بە سەد بەهێو رەعنای نادەم
وەکو سۆفی لە خەڵوەتام بە دڵ ئەکەم سەنای دولبەر[1]
ئەمن نیمە خولقی (هاوهو)، دەس لە دەفو عەسا نادەم
دەستەو دوعام من بە دائیم لە حزووری دیوانی خوا
ئەگەر حیفزی نەکا حافز گوێ بە نوشتەی شێخیش نادەم
دە (فیردەوسی) بڵێ بۆ من ئەی دولبەری ئاوارەخور[2]
ناکەم یادی (خاڵەی رێبوار) بە حەیرانو ئای ئای نادەم
لە نەزعایە (مەزڵوم) ئەڵێ ئەگەر یارم بملاوێنێ[3]
نییە باکم بە یاسینو بە تەڵقینی مەلای نادەم

---

[1] سەنا: ستایش، مەدح.
[2] فیردەوسی: ناوی سترانێك بوو لەو رۆژگارەدا.
[3] نەزع: گیانکێشان.

سادەپەرستی

هەرکەسێ نەیبێ سادە رووخێکی لە دیوانا[٤]
مایەپووچو رووتو قووت بێ لە دینو لە ئیمانا
هەرکەسێ سادەپەرستە بیپارێزە ئیلاهی
لە غەمو دەردو بەڵاو موسیبەت لە جیهانا
مورشیدە، سادەپەرستی، موریدیەتی، ئەمانە:
خورشیدە چ فەرهادە، چ یوسف لە زەمانا
عەزیزە، خۆشەویستە، موعتەبەرە، براکەم!
ئەم عەشقە لە نەزەر ئەهلی عەشقو ئیمانا
تەسخیرو کەمەندکێشی ئەم عەشقەیە بزانە:
سەد یوسفو زلێخا شۆڕەسوارن لە بیابانا
سەربەستو هونەرمەندە، چاپووکە عاشقی
چالاكو جەسوورە، چ شێرێکە لە مەیدانا
ئوسوڵو قاعیدەی عاشق وەهایە (مەزڵوم)
سووتانە بە بێ دەنگی لە بەیانا

[٤] سادە رووخ: ئافرەتێکی جوان.

هەر لە ئەزەل

هەر لە ئەزەل بـوو بـە ئیرسـم هـەمی دڵو غـەمی دنیـا[1]
جێنشـــینی فـــەرهادمو میراتگـــری عەشـــقی لـــەیلا
بێنســـیبە دڵـــی زارم لـــە ســـەروەتی وەســـڵی یـــارم
بوونـــە عـــەدو کەســـوکارم، دوژمنانـنـــە ئـــەکا تکـــا
غـــەمی زەمـــان رەفیقمـــە، فیراقـــی یـــار حەریفمـــە[2]
کەســـوکارم رەقیبمـــە، بـــابو مامـــە لەگـــەڵ بـــرا
بێگانەیـــە بـــە مـــن تـــالیعو شـــانس، رۆیـــی کـــەماڵ[3]
دێوانەیـــە فیکـــرو خـــەیاڵ، زەوقـــی نـــەما دڵ ئەبـــەدا
تاراجی کرد عەقڵو دەرکم شاهی عەشقت (وا ئەسـەفا)!
خـاڵی مـاوە خێمـەی خـەیاڵ سـوڵتانی دڵ ئەسـیر کـرا
ساتێ نەبوو کە فاریغ بێ (مەزڵوم) لە دەس هیجرانی یار
ساتێ نـەبوو ئاسـوودە بـێ لـە زوڵمـی تـۆ ئـەی بێوەفا

---

[1] هەمی: خەفەتی.
[2] حەریفمە: هاودەممە.
[3] تالیع: بەختو ناوچەوان. کەماڵ: لاوی، جوانی.

بە ئەمری زاتی سوبحانە

بـە ئـەمری زاتـی سـوبحانە کـە ئـەمڕۆ جـەژنی قوربانـە
هـەموو عالـەم موعەتتـەر بـوو بـە بـۆی ڕێحـانی جانانـە
سەراسەر خامەکی ئەخزەر کە پۆشی خـواروو ژوورو سـەر
حەزین بـوو جیهـان یەکسـەر، بـە بـۆی مشـکینی خوبانـە[٤]
وەکو قەوس‌و قەزەح وایە کـە سـەوزو سـووری لەبەردایـە
ئـەڵێی جـەناتی دونیایـە کـوڕو کـچ حـۆری‌و غیلمانـە
بـە گـوڵزاری موعەتتـەردا، بـە ئـەبرۆی مـودەوەردا
بـە رووخسـاری منـەوەردا ئـەڵێی مـاهی تابانـە
بە مەدحی بەرزی باڵای یار بە وەسفی جوانی کاڵای یـار
بـە سـوخمەی ئـاڵو واڵای یـار، هـەزاری شـێت‌و دێوانـە
لە تاو چـاوی عـەیاری تـۆ لـە دەس زوڵفـی رەشمـاری تـۆ
لەبەر جـەورو جـەفای تـۆ کـە (مـەزڵوم) مـات‌و حەیرانـە

---

[٤] موشکین: ماددەیەکی بۆنخۆشە.

موسوڵمانان چ غەوغایە

موسوڵمانان چ غەوغایە، کەوا کەوتۆتە دنیاوە
لە مەغریب روو بە مەشریقە، تلوعی رۆژ سەری داوە
سەراسیمەو (پەرێشان دڵ) رووەو مەغریب نیگاهم کرد
کە دیم چەشمی نیگاری من لە گوڵشەن شوعلەی داوە
بە شوعلەی دیدەهەڵهاتن، ئەوی عاشق بوو هەڵهاتن
کە دوژمن عاشقانە وا سوپای بۆ ئێمە هێناوە
هەردوو سەری کوڵمی ئەڵێن شوعلەی شەمس‌و قەمەرە چییە؟
ئەمیان ئەڵێی مەهی چواردە، ئەویان تەعنەی لە رۆژ داوە
شەهدی دەمی بە شیرینی دەعوا لەگەڵ کەوسەر ئەکا
سیاماری سەری زوڵفی کە پێچی حوسنی خۆی داوە
منی (مەزڵوم) گرفتارم لە دەس سیحرو جادووی دولبەر
عەجایب تەبعی ناسک بوو کە ئەم چەند شیعرەی داناوە

بۆچی نەبم بە دێوانە

بۆچی نـەبم بـە دێوانـە، بـۆ شـێت نـەبم لـە داغـی تـۆ
بۆچ نەسووتێ وەك پەروانە، دڵ لـە کوورەی فیراقـی تـۆ
دڵی بردم لەنجـەو لارت، شـێتی کـردم چـاوی کاڵـت
پابەندمە دانـەی خاڵـت، بـە دوو ئـەبرۆی کـەمانی تـۆ
لەتلـەت بـووە دڵـی زارم، دڵ پـڕ غـەمو پـڕ ئـازارم
وا کوشـتمی ئـەی نیگـارم، گێلگێلـەو پەرچـەمی تـۆ
خوێناوی بوو دەستی لەیلم بـە خوێنـاوی دڵـی کـەیلم
ئەسـیر بـووە دڵو مـەیلم بـە پەرچـەمی سـیاهی تـۆ
بۆ نەڕژێ ئەشـکی خـوێنین لـە چـەشمەی دڵـی حـەزین
بۆ دەرنەچێ سەیلی ئەسـرین لـە کانیـاوی جـەفای تـۆ
لـە نەزعایە (مەزڵوم)ەکەت تانـە مـەدە لـە مەعشـوقت
عیلاجیکـە مەحبوبەکـەت، بـا نـەیکوژێ جـەفای تـۆ

دڵ پەرێشانە

دڵ پەرێشانە لە دووریت بە سێ دەرد، ئەی دولبەرم
یەك بە فیرقەت، دوو بە هیجران، سێ دوژمنی بێفەڕم[١]
بۆ دڵی بیماری من هەر لە دونیا سێ بەلایە
یەك بریندار، دوو نەخۆشیو، سێ شەهیدی خەنجەرم
مانعی وەسڵی منو تۆن، سێ گرۆهی شەرمەزار
یەك رەقیب، دوو بەخیلو، سێ دوژمنی بێشەرم
مەرهەمی دەردی دڵم هەر لە دونیا سێ دەوایە
یەك تەبیب، دوو دەلیلو، سێ ویساڵی مەنزەرم[٢]
دەردی دڵم گەر دەپرسی لەتلەتی سێ شت بووە
یەك بە تەعنە، دوو بە لۆمە، سێ بە خەندەی مەحقەرم[٣]
ئاهی (مەزڵوم) گەر ئەپرسی بەم سێ وەسفە چارییە
یەك شەهادە، دوو شەفاعەت، سێ دیوانی مەحشەرم

---

[١] فیرقەت: دووری، جودایی.　　عەدوو: دوژمن.
[٢] مەنزەر: ئەو جێگەیەی چاونیگاو سەرنج رادەکێشێ.
[٣] تەعنە: سەرزەنشت.　　مەحقەر: ناحەز.

چاوی کاڵت

چــاوی کاڵـــت وا ئـــەزانم فیتنەیـــەو قاتیـــل
تیغـی ئـەبرۆت وا لــە کـارداو لەنجەکـەت مائیـل[4]
خەنـــدەکانت ئـــەمکوژێت و خاڵـــەکانت داومـــە
خەنجـــەر ئاســا موژگانـــت، زوڵفەکـــەت هائیـــل
گوارەکـانی بـانی شـان و پلپڵــەی بـانی ســەرت
سڵسـڵەی گێسـوی سـیاهت وەك ئـەژدیها حاسـیل[5]
جەرگ و دڵ سـووتاوی تۆیـە، عەرعـەری نازدارەکـەم!
بۆکـــوروزی دڵ لـــە عالـــەم بۆتـــە ئـــاگری نائیـــل
گـەه بـە عیشـوەو لارو لەنجـە، گـەه نیـازی نـازەنین
گەه بە غـەمزەو لارە پێچـت، لـە کـن نیگـات واسـیڵ
کولمی سوورت کوشتمی، ملوانکەکـەت زنجیری پێم
جـا بـە تـەحقیق بـێ نـەجاتم یـان هـەروا دەبم زەلیـل
قاسـیدی قـەلبی حـەزین تـەبلیغی (مـەزڵوم) ئـەکا
میســلی فـەرهاد لەشـکری غـەم، واعیـەو شـامیل

---

[4] مائیل: حەزلێکەر.
[5] حاسیل: ئەمێنێتەوە.

ژن[1]

ئاخ لە بۆ ژنێك كەمێ نیوداشت بێ
بەڵام بە شەرتێ بەكەڵكی داشت بێ
بۆ فەقێو حوجرە چاكو دەمدوو بێ
لەگەڵ هەموویان رووخۆش و ئاشت بێ
رێزیان لێبگرێ بە میهرەبانی
خزمەتكردنیان بە بێ پاداشت بێ

كوڕ[2]

كوڕ لە كوێ ئەبێ پیشەی كچی بێ
سووراوی كولمو بۆیەی لچی بێ
سمێڵ نیشانەی پیاوە بیتاشی
دائیم خەریكی شانەی پرچی بێ
با هەستێ رۆحی بخاتە سەر دەس
پێشەنگی خەبات بەر نەدا بۆ كەس
تا گەل بباتە لوتكەی ئازادی
ئەوساكە بژی بە خۆشیو شادی

[1] ئەم هۆنراوەیە لە دەمی مامۆستا مەلا مەحمووی كزەڵ وەرگیراوە.
[2] ئەم هۆنراوەیە لە دەمی مامۆستا مەلا مەحمووی كزەڵ وەرگیراوە.

لە وەسفی جوانیت

لە وەسفی جوانیت ئەی یاری دڵدار
ئەم دوو سێ فەردە ئەڵێم بە یادگار
ئەبرۆت بە نەقش سونعی ئیلاهی
کێشراوە وەك تاق، ئیقبالی شاهی
چاوت گەلاوێژ، پریشکە دێنێ
روومەت ئاوێنە، ئینسان ئەنوێنێ
دەم کانی یاقووت، پڕە لە گەوهەر
زوبان شیرینتر لە شەهدو شەکەر
دوو زوڵفی رەشت، هەر وەکو رەشمار
ئاڵاوە لە مل نازگی نازدار
گەردی وەك بلوور، مینایی بێگەرد
شیرین و پەسەند وەك ئاڵتونی زەرد
زوڵفت وەك کەمەند نێچیری بەهرام
بۆتە زنجیری دڵەی نابەکام
مەمانت نارنج، یا لیمۆی کاڵە
یاخود شەمامە یان پرتەقاڵە
گۆنات وەکو شەمع، منیش پەروانە
بە حوسنت سووتام، جەرگم بریانە
سینەت بە وێنەی بەفری تازەو تەڕ
ساف و بێگەردی وەك بەردی مەڕمەڕ
نافەت عەترڕێز پڕ موشك و عەنبەر[٣]
پڕ لە رائیحەو بۆنی موعەتتەر
شەرتە (مەزلوم)یش لەیلی نازپەروەر!
مەجنونی تۆبێ تا رۆژی مەحشەر

[٣] نافەت: ناووك. موشك: ماددەیەکی بۆنخۆشە لە ناووکی مامزی موشك دێتە دەرێ.

من و شەیتان

هەر ئەموت خۆزگە بمدیایە شەیتان
ئیبلیسی لەعین دوژمنی رەحمان
داخی دڵی خۆم پێ بڕشتایە
حەقی بەرو دوام لێبسەندایە
من بەو داخەوە گەلێ مامەوە
بەو حەسرەتەوە ئەتلامەوە
تا ئاخر، شەوێ وەختی نیوەشەو
بە عەزمی نوستن چاوم چووە خەو
دیم لە خەومدا تازە جەوانێ
بە باڵا عەرعەر، شیرین زوبانێ
گەردن وەك شووشەی گوڵاو موعەتتەر
نازكی گۆنای لە گوڵ ناسكتر
بە سەد نەزاكەت هات بەلامەوە
زامار بووم، زامی بۆ كولانمەوە
چاوم هەڵبڕی، دیم چاوی مەستی
خەیاڵێ بێهۆش بووم كەوتم بە مەستی
وتم: ئەی جوان، تۆ بی جوانی خۆت
پەریت، ئادەمیت، بڵێ ناوی خۆت
تۆ بۆچی وێڵی، بۆچی عەودالی
بۆچی موحتاجی دیوانو مالی؟

☆ ☆ ☆

دەم بە خەندەوە، جوابی دامەوە

یــەك دوو قــەدەمێ هــات بەلامــەوە
وتــی: پــەری نــیم، ئــادەمیزادم
وتــی گوڵچــینی بــاغی مــوردام
مــن ئــەو کچــەم کــە پــارو پێــرار
لــە عەشــقی منــدا لات نــەبوو قــەرار
ئێســتاش بــە یــادی جــاری جارانــت
خــۆم بــە دیــاری هێنــا دیوانــت
بــۆ فــەرەحی دڵ بــۆ خــەڵوەتی خــەو[1]
لــە بــۆ ســەیران و رابــواردنی شــەو
وتم بــەخێربێی قــوەتی ئــەژنۆم
مەرهــەمی دەردی زامــانی بــە ســۆم
گــەلێ مــەمنون بــووم ئەزیــەتت کێشــا
لــە بــۆ دیــدەنی تەشــریفت هێنــا
فەقــەت تــۆ نابــێ گلــەیی بکــەی
تەعنــەی بێمــەیلی لــە دڵــم بــدەی
مــن لــە پــارەوە قــەولم کــردووە
لــە حــەرام دوور بم تۆبــەم کــردووە
ئێســتا تــۆ لــە مــن بــە شــەرع و قــانوون
گــەلێ حــەرامی بــە بــێ چەندوچــوون
وتــی: لەوســاوە لــە یــەکبووین جیــا
هــەوڵ و تەقــەلام بــۆ ئەمشــەو ئــەدا
ئێســتا تــۆ ئــەڵێیت، بــە تــۆ نــارازیم
تۆبــەم کــردووە، یــەعنی کــە ســۆفیم
ئــەو قــەولی خۆتــە، تــۆ بــدە بــە بــاد

---

[1] فەرەح: خۆشی.   خەڵوەت: تەنیایی.

بێـــرە پێشـــەوە هەرچـــی (بـــادا بـــاد)![1]
بـــە گـــەنجی ئەگـــەر هەرچـــییە بکـــەی
گونـــاهی کەمـــە، چـــونکە تـــۆ جوانکـــەی
بە عـــومری جـــوانی هـــیچ قســـوور مەکـــە
هەر وەقتـــێ پیربـــووی ئەوســـا تەوبـــە کـــە
موختەســـەر چـــاکە هەڵمـــەتم بـــۆ بـــرد
وەك گـــورگی برســـی ژێـــرەوژووم کـــرد
گەلێ ســـواری بـــووم کێشـــامە ژێـــر بـــار
بـــەناز جارجـــارێ ئـــەیووت ئـــەی هـــاوار
فاســـیلەم نـــەدا تـــا وەقتـــی ســـەحەر
دامە بـــەر کـــوت و حەملـــەی پـــڕ هونـــەر
ئەمەنـــدەم لـێـــدا بـــە حەربـــەی چـــەرمین
ئەسڵی مەقسەدی گشـــت بـــوو بـــە بـــرین
خـــوێن و ئـــاو جـــاری لێئەهاتـــە خـــوار
وەکـــو چـــۆڕاوگەی گوێســـیلەی بـــەهار
سەارســـەر لاشـــەی ئـــەو نەوجەوانـــە
ســـیس و شـــێواو بـــوو وەکـــو هەمانـــە
کاتـــێ بـــەتاڵ بـــوو خـــەیاڵی ســـەیران
هـــەواو خۆشـــی و شـــادی مەعشـــوقان
لـــەب بـــە خەنـــدەوە، هاتـــە کایـــەوە[2]
جـــــەوابی منـــــی وەهـــــا دایـــــەوە:
من کەی یاری تۆم، کەی بە تـــۆ دۆســـتم
مـــن بـــۆ حـــاڵی تـــۆ مەینـــەتی و کۆســـتم
چـــونکە شـــەیتانم، دوژمنـــی ئـــادەم

---

[1] چی ئەبێت با ببێت.
[2] لەب: لێو.

ئەیخەمــە عوســیان ئیســلام زۆرو کــەم[3]
ئـــەمن دوژمنـــی ئـــەولادی حـــەوام
(بــەری) لـــە قـــاپی رەحمـــەتی خـــودام
تۆبەی چەند کەسی وەکـو تـۆم شـکان
چـــەندە عابـــدم خســـتۆتە عوســـیان
جـــوابم دایـــەوە وتم ئـــەی شـــەیتان
قەســـەم بـــە خـــودای زەمـــین و ئاسمـــان
تۆبـــەم لــــە جـــاران زۆر قائیمـــترە
نوێـــژو تاعـــەتم گـــەلێ چـــاترە
بۆیــە هــەر ئــەموت مــن تــۆم بدیایــە
تۆڵـــەی عالـــەمم لێـــت بســـەندایە
شـــوکر ئـــاواتم ئـــەوا هاتـــە دی
دوژمنـــی خـــۆمم بـــە سەرشـــۆڕی دی
یــاخوا ســەد خێــری وەهــا بێتــە رێــم
کە دوژمنی خـۆم هـەر بـۆ خـۆم بیگـێم
ئەلحەمـــدولیلا لـــە رۆژی مەیـــدان
چەند زەربەی کاریم بـە دوژمـن گـەیان
دوژمـــنم، شـــەیتان، بــۆم هاتــە مەیــدان
هەر بە دەستی خۆی، خـۆی دا بـە تـران
ئەی شەیتان یـاخوا زوو بـۆم هەڵکـەوی
دیسان بەر حەملــەی (مــەزڵوم) بکــەوی

---

[3] عوسیان: یاخیبوون، فەرمان جێبەجێ نەکردن.

فەسلی بەهارە

فەسلی بەهارە، عەزیزم نۆبەتی سەیرانمە
وەقتی عیشوەو نۆش‌و شادی، زەوقی دەس لە ملانمە
چی لە دلکەم، ئارەزووی وەسلی مەهرِوویان ئەکا[1]
سەد جوانی حۆریی رووخسار لە دیوانا میوانمە
من نامەوێ خەت‌و خاڵ‌و نەقشی رووی دولبەران
چونکە خێمەی گوڵ‌و نێرگس مەنزەری چاوانمە
قەلەم کوول بوو، لە وەسفی حوسنی تازە جوانان
ئەمجا نۆبەی تۆیە، رەقیب ئارەزووی مەیدانمە
بەهرەکەی شیعرم سوارە، تیغی زوبانم موو ئەکا
گەر رەقیبم بێتە مەیدان، ئەوساکە من سەیرانمە
سواری ئەسپی نالەبارە رەقیب لە دوور وا غار ئەدا
ئەمرِۆ (مەزلوم) وا لە سەبرا موسابەقەی سوارانمە

[1] مەهرِوویان: رووی وەك مانگ.

کچە کورد

کچــە کــوردێکم زەریــفو هوشــیار
بــۆ کــزی هــۆزم، دڵســۆزو غــەمخوار
بــۆ ژینــی کــوردی گــیروەدەی هــەژار
دنیــام لێبۆتــە شــەوی تــیرەو تــار
ئــــارامم نییـــــە، نــــاگرم قــــەرار

☆ ☆ ☆

تــاوێ لــە داغــی کــوردی بــەجێماو
دەمــێ لــە حەســرەت لاوانــی شــێواو
بــۆ حــاڵی ژینــی تــاڵی وەك زووخــاو
ئــازاری قــەبرم هاتۆتــە بەرچــاو
دڵ مەینــەتبارە دەروون پــڕ جــەخار

☆ ☆ ☆

حەیفــە کــە کــچو بــە کــچ ناســراوم
لــە تــانو پــۆی کــوڕ جیــاواز کــراوم
بـــۆ خزمـــەتکردن بێبـــەش کـــراوم
ســەر دانــێم لــە ڕێــی قــەومی فــەوتاوم
نەقــدی جانیشـــم بکـــەم فیـــداکار[۲]

☆ ☆ ☆

ئــەوەی، کــە کــوڕو گــەنجو بــەکارە
بـــۆ خزمـــەتکردن دەســـــەڵاتدارە
بـــــۆ شکســـــتێنێ وا گرفتـــــارە
خزمـــەتی هـــۆزی لـــەلا بێگـــارە
دەمـــی بەســـتراوە نایەتـــە گوفتـــار

☆ ☆ ☆

---

[۲] جان: گیان.

کۆششـــی خـــەڵکی لـــە بەرچـــاوانە
ئـــەزانی هـــەوڵیان کـــە بـــێ ســـامانە
لەســـــەریان نییـــــە دەســـــتی بێگانـــــە
بۆیـــــە وڵاتیـــــان ئـــــەڵێی جینانـــــە[1]
وەنەوزی غەفڵەت نادا لـــە رووی کـــار

☆ ☆ ☆

تکایـــــە بـــــرای لاو، چـــــاكو جـــــوان
قـــۆڵی لێهەڵکـــەن وا بێنـــە مەیـــدان
بـــە دڵ تێکۆشـــــن، ئـــازا بێووچـــــان
بـــــەڵکو بچـــــینە ریـــــزی میللـــــەتان
ســـەربەخۆ بـــژین نـــەبین دەســـتەوخوار

[1] جینانە: کۆی (جەننەت)ە، بەهەشت، فیردەوس.

هاوینی بەرزنجە

تریفـــەی مانگەشـــەو، بریقـــەی کـــلاوزەر
شـــێوەی مـــەحبوبان، دێتـــە بەرنـــەزەر
ســـەدای لایلایـــەی تـــازە جوانـــان
ئـــەلاوێنێتۆ، دۆســـــتو مەعشـــوقان
کـــزەی بـــای شـــەماڵ کـــە دێ بـــە جـــارێ
بـــۆی گوڵـــێ دێنـــێ لـــە باغچـــەی یـــارێ
قاســـپەی نێرەکـــەو وەختـــی نیوەشـــەو
دەنگـــە بـــۆ عاشـــق، راپـــەڕە لـــە خـــەو
جریـــوەی چـــۆلەکەی بـــەیان لـــە ئاسمـــان
بەســـتە ئـــەخوێنن وەکـــو عاشـــقان
شـــنەی بـــای ســـەحەر ئەشـــنێتەوە
بـــە نـــاز گوڵـــەکان ئەلەرێتـــەوە
بولبـــولی هـــەژار لـــەم چـــڵ بـــۆ ئـــەو چـــڵ
بـــێ پـــەروا ئـــەڕوا لـــەتاو عەشـــقی گـــوڵ
ســـینەو باغچـــەی بـــەی، پـــۆلی نـــازداران
هاوتایـــە لەگـــەڵ ســـپێدەی بـــەیان
گۆنـــای نـــازداران بـــە رەنـــگ ئـــاڵو ســـوور
ســـیوەیل لێیـــداوە، نـــەك ســـووراوی ســـوور
شـــێوەی جـــەوانان بـــە وێنـــەی غیلمـــان
مەملەکەت جەنـــەت هـــەم (رەوزەی ریـــزوان)
نەخشـــاوی ســـنعەت زاتـــی کردگـــار
بـــۆ (مـــەزلوم) مـــەدحی نایەتـــە گوفتـــار

کوڕەکاژاو[1]

ئـــەی (کوڕەکـــاژاو) بـــەرزی هــــەوادار
ساحێب نـــەزارەت بـــۆ دەشـــتو کۆســـار[2]
ســـەربەرزو بڵنـــد، گشـــت شـــاخەکانی
سایەی ســـەری گشـــت قـــەومی کـــوردانی
بـــە ســـەربەرزیی تـــۆو چـــیای بێســـتون
ســـەربەرزن قەنـــدیل هـــەم پیرەمـــەگرون
دەماوەنـــــد دائـــــیم ســـــەنا خوانتـــــە
عاشـــــقی قـــــەدو بـــــاڵای جوانتـــــە
بـــەردت هەمتایـــە لـــەگـــەڵ گەوهـــەردا
غوبـــارت تەعنـــەی لـــە ســـەد جەوهـــەر دا
ئێســـــتاکە بۆچـــــی مـــــاتو شـــــێواوی؟
بۆچـــــی حـــــەزینو زەرد هەڵگـــــەڕاوی؟
بۆچـــــی ئەمەنـــــدە مـــــاتو غـــــەمباری؟
بۆچی ڕەنگ زەردی، بـۆ لـێـو بـە بـاری؟
کـــوا شـــنەی پـــاڵی بـــەرەزای پاڵـــت!
کـــوا خێمـــەی گـــوڵو گوڵاڵـــەی ئاڵـــت!
کـــوا پـــۆلو دەســـتەی تـــازە جوانانـــت!
کـــوا شـــەرقیو نەشـــید ســـەراو ئـــەیوانت!
کـــوا خـــوڕەی بـــەفراو فەســـڵی بـــەهارت!
کـــوا دەســـتە دەســـتەی مەحبوبـــەو یـــارت!
کـــوا ســـروەی نەســـیم، بـــەری بـــەیانت!
کـــوا نەغمـــەی بولـــبول دەوری گوڵانـــت!

---

[1] کوڕەکاژاو: چیایەکی بەرزە لە شارباژێر (بەرزنجە).
[2] کوهسار: ناوچەی شاخاوی.

مـــن داوا ئەکـــەم کـــۆهی بـــە ســـامان
حـــاڵو ئـــەحواڵی خـــۆت بکـــە بـــەیان
جـــوابی دامـــەوە هـــەر وەکـــو بولبـــول
وتـــی: چـــی ئـــەڵێم بیگـــرە بـــە دڵ
مـــن شـــاخی مەشـــهوور کورەکـــاژاوم
لـــە ئاســـتی دوژمـــن لارە کـــلاوم
مـــن جێگـــای مـــەردو پاڵـــەوانانم
هـــەم بێشـــەی گـــوردو شـــێری ژیـــانم
فەســـڵی بـــەهاران بـــە خێمـــەی گـــوڵان
ئەڕازامـــەوە هـــەر وەکـــو رێـــزوان
چـــەند چـــەشمەی ئـــاوی ســـازگارم بـــوو
چەند بـاغو باخچـەی پڕ لـە کـارم بـوو
وەختـێ گـوڵزاری خـۆم ئـەدی بـە چـەم
ســەد تەعنــەم ئــەدا لــە (بــاغی ئــیرەم)
پـــۆلی نـــازداران نـــازك نـــەو خـــاڵان
روومەت پەڕەی گـوڵ، قامـەت شمشـاڵان
بـــە عیشـــوەو نـــازو لەنجـــەولارەوە
بـــە چـــاوی مەســـتی پـــڕ خومـــارەوە
ئـــەهاتن بـــۆ لام بـــە عـــەزمی ســـەیران
ئـەمن جەنـەت بـووم، ئـەوانیش غیلمـان
چـەند زاتـی مەشـهوور قـەدیمی رۆژگـار
ئـــەهاتن بـــۆ لام بـــە عـــەزمی شـــکار
رۆژێ لـــە رۆژان نیگـــام کـــرد بـــۆ دوور
دیم گـەردەلوولێ لـە رووی شـارەزوور
دنیـــا سەراســـەر بـــووە بـــە زوڵمـــات
ئـــەهالی غـــەمگین حـــەزینو دڵ مـــات

پرسیم لە کەسێ بە کوردی زوبان
ئەم غەوغا چییە، بۆم بکە بەیان
دنیا سەراسەر بۆ لە گرینە
بۆچی مەخلوقات دڵ پڕ برینە؟
لەم خاکە پاکە چییە قەوماوە
دووربێ فیتنەیە، کەوتە دنیاوە؟
جوابی دامەوە بە دڵی پڕ جۆش
بە گریەو زاری بە شینو خرۆش
حاڵو ئەحواڵی بۆ کردم بەیان
ئەسڵی مەسئەلەی لا کردم عەیان
وەقتێ کە بیستم رۆژی رەشی کورد[1]
هاتمە جەنبوش، هەتا شەقم برد
کردم بە سەرما خاکی بێ شمار
یەخەی خۆم دری لە سەرتابەخوار
باغو باغچەی گوڵ کەوتنە خەزان
ناڵەی بولبولان گەیشت بە ئاسمان
ئەمەندە گریام کێشام بە سەردا
وەك باوك مردە بانگم لێ بەردا
یاخوا دەردی وا خوا نەیدا بە کەس
وەکو دای بە کورد (مەزڵوم)ی بێکەس

[1] مەبەست لە تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

سکالا لە خزمەت یارا

یـــاری وەفـــادار، یـــاری وەفـــادار
نـــازکو نـــازدار، یـــاری وەفـــادار
لـە هیجرانی تۆ بـووم بـە کـۆی زوخـاڵ
نـەمکرد سـەیرانی گۆنـاو خـەتو خـاڵ
عەهـدە کردوومـە هـەر وەکـو فـەرهاد
لـە کۆی عەشـقی تـۆ خـۆ بکـەم بـەرباد
هـەر کاتـێ شـاد بـووم بـە دیـداری تـۆ
بـووم بـە خـاوەنی خـەتو خـاڵی تـۆ
لام مەتڵـــەب نییـــە تەعنـــەی رەقیبـــان
گوێ نادەم بە پەنـد، واعیـزو خویشـان[2]
دەوڵـــەتی وەســـڵت بـــۆ مـــن کافییـــە
تـــاجی کەیخوســـرەو لام بـــەهای نییـــە
گـــەنجو ئیقبـــاڵم دانـــەی خـــاڵی تـــۆ
چـــرای دیـــوانم چـــاوی کـــاڵی تـــۆ
خـــوردو خـــۆراکم ماچـــی کـــوڵمی تـــۆ
شیشـــەی شـــەرابم ســـای گـــەردنی تـــۆ
مەعبەدخانەکـــەم خەڵوەتخانـــەی تـــۆ
قیبلـــەگای ســـوجدەم میحرابـــی ئـــەبرۆ
تـــەوافی کەعبـــەم وەســـڵی دیـــدارت
(حەجەرلئەســـوەد) خـــاڵی رووخســـارت

---

[2] واعیز: ئەوەی نەسیحەت دەکا.

تـای عـودو تـارم دوو زوڵفـی خـاوت
سەرخۆشـی کـردم مەیخانـەی چـاوت
مێـزی شـەرابم سـینەی مەڕمـەڕت
مـەزەی شـەرابم دوو لیمـۆی تـەڕت
عـەرەق و بـیرەم ماچـی کـوڵمی تـۆ
سـاقی و پیاڵـەم چـاوی گەشـی تـۆ
دەم دەم ئەنۆشـم شـەرابی گۆنـات
دوو لیمـۆی کاڵـت، بـۆ مـەزە هێنـات
مەسـتی دوو چـاوی (عاشـقکوژی) تـۆم
جگـەر لەتلـەتی غـەمزەو نـازی تـۆم
چـاوت هـەڵبڕە، بزانـە مـن کـێم
ئـەمن مـەجنونی دوو چـاوی لـەیلێم
ئەسـیرم بـە دەس رەقیبانـەوە
هـەم بـە دەس دڵـەی ماڵوێرانـەوە
دەردم وەهایـە لـەیلی نازپـەروەر!
نزیکـە دەرچـم لـە پێسـتی بەشـەر
ئیـتر کۆتـایی کـەلامم نایـە
رەنگ زەردی عەشقم، شیفام قـەت نایـە
(مەزڵوم) وەك مـەجنون پیشـەی زارییـە
خولیـای عاشـقی بـێ قەرارییـە

کام ویژدان

کام دین، کـام ئیمـان، کامیـان ویژدانـە
ئـاخۆ کـام ئینسـان ئەمـەی لا جوانـە
گـەرماو شـەرارەی هـەتاوی بـەتین
خوێنم کـا بـە ئـاو، هێـزم کـا بـێ تـین
هەوڵبـەم بـە دڵ بـە درێـژی سـاڵ
بـە سـەرماو گـەرما بـۆ ئیـدارەی مـاڵ
بـە سـاڵێ بـەحاڵ شـتێك پەیاکـەم
لـە مـردن کۆشـێ خێـزان رزگارکـەم
کـاتی حاسـیلات، بـێ شـەرمو بێبـاك
لێم کـۆ ئەبنـەوە وەك داڵ بـۆ سـەرلاك
بـێ عـەرەق رشـتن، یـان رەنجـی بـازوو
خەرمان بەش ئەکەن، سـەهل زووبـەزوو
بەشـی موڵکانـەی: ئاغـا، شـێخ، مـەلا
لە چوار بـەش بێشـك سـێ بەشـی ئـەبا
ئینجـا چـی مـاوە بـۆ مەسـروفی مـاڵ
بـۆ جـلو بـەرگو پـێڵاوی منـاڵ
ئـاهو هەناسـەی ئـەم گشـت خێزانـە
بچـێتە ملـی ئـەو ملهوڕانـە
(مـەزڵوم) تـا شـێخو ئاغـا لـەناوبێ
لـە کوردسـتانا ئـازادی نابـێ[1]

---

[1] ئـەم هۆنراوەیـە لـە مەلیحـەخانی خێزانـی شـاعیر بیسـتراوەو شـێخ عومـەری کـوڕی شـاعیر نووسیویەتیەوە.

خەفەت دڵمی برژان

خەفـــەت دڵمـــی بـــرژان وەك كـــەباب
جەرگم لەتلەت بـوو وەك گۆشـتی قەسـاب
درا لـــە شـــیش و بـــرژا بـــە ئـــاگر
بـــۆ مـــەزەی شـــەراب ئـــەوەڵ و ئـــاخر
ســـەبرو تاقـــەتم لـــە دڵا نـــەما
پـــردی تەحـــەموول لـــە ســـەد لا پســـا
لـــە رووی ســـەر زەمـــین فیعلـــی ناشـــیرین
ئەمەنـــدەم دیـــوە نایەتـــە نووســـین
عـەرەقخۆر دائـیم، پیاڵـەی مـەی بەدەسـت
بـێ پـەروا ئـەیخوارد رووسـیای بەدبـەخت
ناترســـێ لـــە رۆژ دیـــوانی مەحشـــەر
قـــەت خـــۆفی خـــوای نایەتـــە نـــەزەر
قەشمـــەری بـــە نوێـــژ، گاڵتـــە بـــە رۆژوو
ئیســـتیهزا بـــە حـــەج، زەكـــات و مـــەولوو[1]
عـــەرەق خـــواردنی ئەمەنـــد لا جوانـــە
قـــاپێكی بـــە دەس، دووی لـــە گیرفانـــە
بـــۆ خـــۆی زەرەرو بـــەڵا ئەســـێنێ
هـــەر بـــە دەســـتی خـــۆی دیـــن ئـــەدۆڕێنێ
لـــە حـــاڵی مـــردن گـــەڵێ بێحـــاڵن
تـــاڵبی هـــەواو نـــەفس و خـــەیاڵن

---

[1] ئیستیهزا: گاڵتەپێكردن.

خوایـــە تـــۆ خـــۆت فعلیـــان ئـــەبینی
غـــەزەبت بۆچـــی بـــە جـــۆش نایـــەنی
لـــە دونیـــا لـــە مـــن عاســـیتر نییـــە
باســـی خـــەڵق ئەکـــەم خـــۆم لـــەبیر نییـــە
(مـــەزڵوم) گونـــاهی خـــۆم ئەکـــەم ئیقـــرار
تەڵـــەبی عـــەفوو ئەکـــەم لـــە ســـەتار

مەرحەبا پارە

مەرحـــەبا پـــارە، مەرهـــەمی زامـــم
فـــەرەحی قـــەلب‌و دڵـــەی ناکـــامم
پـــارە، بـــە تۆیـــە قـــووەتی ئـــەژنۆم
ئـــەتۆ دەرمـــانی بـــۆ زامـــی بەســـۆم
پـــارە گریکـــی دڵـــی ویرانـــی
واســـیتەی روونـــی هـــەردوو چـــاوانی
ئـــەتۆ چـــاتری لـــە بـــراو بـــاوك
هـــەر ئـــەتۆی پـــارە، پریاســـکەی نـــاوك
بـــۆ تۆیـــە بـــرا بـــرا ئـــەکوژێ
لـــە رووی مەیـــدانا خـــوێنی ئـــەڕژێ
بـــۆ تۆیـــە دەوڵـــەت حـــەرب ئـــەکا ئـــیعلان
حـــەیات تـــەرك ئـــەکا ئـــەبووری لـــە گیـــان
کاســـبان بـــۆ تـــۆ رۆژ هـــەتا ئێـــوار
هـــەوڵت بـــۆ ئـــەدەن لـــە لادێ‌و لـــە شـــار
بـــۆ تۆیـــە جـــەردە کـــە رێگـــە ئـــەگرێ
بـــە گوللـــە، جـــەرگی رێبـــواران ئـــەبڕێ
بـــۆ تۆیـــە کـــە ژن حـــەیا ئەفرۆشـــێ
خـــۆی مـــەهتوك ئـــەکا لـــە بـــۆ قرۆشـــێ
پـــارە لـــە دونیـــا، هـــەر تـــۆ ئـــەنوێنێ
هەر وەکـــو بولبـــول سەربەســـت ئـــەخوێنێ
پـــارە چـــەند پیـــاوی نـــەفام‌و هـــەرزە
بە تۆ بوو بە پیاو زیاد بـەم نـەوع‌و تـەرزە
چەند مـەردو عـاقڵ بـە بێ دەردی سـەر
دێنـــە خزمـــەتی ئـــەبن بـــە نۆکـــەر
چەند کەسی ناکەس تـۆ کـردت بـە پیـاو

کـــردت بـــە خـــاوەن دیـــوانی تـــەواو
بـــە بـێ تـۆ پـارە چـەند سـاحێب وەجـاغ
مـــاتو غەمگینـــە دەروون پـــڕ لـــە داغ
تـــەنها خـــەمڕەوێن جـــەنابی ئەمـــە
بـــێ پـــارە بەشـــی هـــەر جـــەفاو غەمـــە
هیچ کەس ناپرسـێ لـە سـاحێب نەسـەب
لە قـەدرو حورمـەت لـە حـەیاو ئـەدەب
مـــەلای بێچـــارە کـــە لێـــی ئەپرســـێ
هـــەزار یاســـینو تـــەلقین بـــە فلســـێ
کێ بـە شـێخ ئـەڵێ لـە کوێـوە هـاتووی
دەروێش بە پولێ سـەد زیکـری یـاهووی
غـــەیری پـــارەدار هـــەمووی بەتاڵـــە
کـــێ مـــەلاو شـــێخی هـــەر لـــە خەیاڵـــە
هەرکـەس پـارەی بـوو ئـەو کەسـە پیـاوە
دێنـــە خزمـــەتی لـــەملاو لـــەولاوە
ئەگـــەر پـــارەدار لـــە فـــەقیر بـــدا
ڕەزیلـــی بکـــا تەعنـــەی لێبـــدا
گـــەڵێ پێـــی خۆشـــە زۆر منـــەتبارە
لای نەســـیحەتەو فـــەقیر بێچـــارە
پێـــی ئـــەڵێ حەقتـــە هەرچـــیم پێبکـــەیت
لام نەســـیحەتە هەرچـــیم پـــێ بڵێیـــت
(مـــەزڵوم) بزانـــە پـــارە بـــۆ دونیـــا
چـــەند فـــەزلو هونـــەر بـــە ئینســـان ئـــەدا

بۆ پارە

بۆ پارە گەلێ خۆی ریسوا ئەکا
موبتەلای داوو سەد بەلاّ ئەکا
بەیانی کردووە پیاوچاکانی زوو
دینتان دینارەو سڵ ناکەن لە سوو
پارەیە مایەی سەرگەردا نییە
هەر پارە ئەسڵی ماڵویرانییە
کەسێ کە پارەی هەبێ بە غەزەب
دینی بە پارە ئەدا بێ تەعەب[1]
هەرکەس دینی خۆی بە سیمو زەڕ دا
خۆی خستە دۆزەخ، سەرکا بە قوڕدا
هەر پارە ئینسان ئەخاتە عیسیان[2]
تەوەللای ئەکا لە دینو ئیمان
پارە چەند کەسی کردووە مەغروور
وەکو دێوانە بە مەستی مەشهوور
قارون بە پارە (تەککەبووری) کرد[3]
خۆی ریسوای لای خواو پێغەمبەری کرد
کەسێ ئینسان بێ لە بۆ سیمو زەڕ
خۆی رووزەرد ناکا لە رۆژی مەحشەر
پێغەمبەر بۆ خۆی داوێتی خەبەر
پارە فیتنەیە بۆ حاڵی بەشەر
(مەزڵوم) زەڕو سیم خاس بۆ ژنانە
سووكو بێ بەهای لای مەردومانە

---

[1] تەعەب: هیلاكو ماندوو. [2] عیسیان: تاوانو گوناهکردن.

[3] کابرایەکی دەوڵەمەندی بەنی ئیسرائیلە، لە سەردەمی حەزرەتی موسادا ژیاوە. موسا نەفرەتی لێکردو کابرا خۆیو خەزێنەکانی بە ناخی زەویدا چوونە خوارەوە، کینایەتە بۆ دەوڵەمەندی.

هەڵۆو ڕێوی

تـــەیرێکی عـــاقڵ زیرەکـــی هوشـــیار
خـــانووی کردبـــوو لەســـەر یـــەك چـــنار
بـــە عـــەیش‌و شـــادی بـــە خۆشـــی ژیـــان
لەســـەر ئـــەو دارە کـــردی (ئاشـــیان)[٢]
ڕۆژێ لـــــە ڕۆژان ڕێـــــویی حیلـــــەکار
ڕێـــڕەو بـــوو ڕێگـــەی کەوتـــە بنـــی دار
ســـاتێ ڕاوەســـتا لـــووتی هـــەڵبڕی
لەســـەر دارەکـــە تەیرەکـــە فـــڕی
بـــانگی کـــرد ئـــەی تـــەیر لـــەو دارە بـــەرزە
بێـــرە خـــوارەوە بـــۆ ســـەر ئـــەم عـــەرزە
ئەگـــەر بـــە قســـەم قەناعـــەت نەکـــەیت
هەر بە دەستی خۆت، خۆت ریسوا ئەکـەیت
بـــە کلکـــی تیـــژو ئەســـتووری زۆردار
دار لـــەت لـــەت ئەکـــەم هـــەروەکو مشـــار
کاتـــێ کـــە دارم کـــرد پـــارە پـــارە
مـــەردو نامـــەردی ئـــەو وەختـــە دیـــارە
بـــێ ســـزاو زەرەر هـــەر بـــە دەســـتی خـــۆم
کـــەوڵت ئەکـــەم‌و بـــە ژەمێـــك ئـــەتخۆم

☆ ☆ ☆

هـــەڵۆی خـــڕو جـــوان لێـــی هاتـــە گوفتـــار
وتـــی: مـــام ڕێـــوی جـــادووی حیلـــەکار

---

[٢] ئاشیان: هێلانە.

ســیحری تــۆ مــەعلوم لای مــن بەتاڵــە
عــەقڵت عەبەســـە، فیکــرت مەحاڵـــە
بــڕۆ لــە ڕێـی خـۆت خـوا ڕزقـت بـدات
مــن نێچــیرت نــیم مــەعلوم بــێ لــەلات
هــەڵۆ زۆر ڕجــاو تەشەبووســـی کـــرد
لــە لای مــام ڕێــوی تەئســیری نــەکرد
بــە قــەهرو غــەزەب لەســەر دار فــڕی
ســواری ڕێــوی بــوو تــا ورگــی دڕی
ڕێــوی کــرد پــارە، وەك شــێری جــەنگی
جــەرگی دەرهێنـــا بـــە زۆری چـــنگی

✯ ✯ ✯

ڕێـــوی بـــۆ تـــەماع وازی نـــەهێنا
نــە هیچــی دەســتکەوت، سەریشــی دانــا
ئــاخ لــە بــۆ کەســێ نەچــێ بــە قــارا
لەگـــەڵ دوژمنـــا بکـــا مـــودارا
تـــاکو فرســـەتێ دەســـکەوێ ڕۆژێ
یەخـــەی پێبگـــرێو خـــوێنی بڕێـــژێ

حەبی تەباشیر شرینقەی قەڵەم[1]

بــرا نەخۆشــیو دەردی نــەزانی،
نــەزانی، بۆیــە بــە خــۆت نــازانی
جـــەهل دەردێکـــی نادیارییـــە
فریــای نەکــەوی دەردت کارییــە
داوو دەرمــانی ئــەم دەردە ونــە
زانینــی عیلمــە هــەوڵی خوێندنــە
بچــۆرە مەکتــەب (دارولشــیفایە)
موعــەللیم دکتــۆر دەوای لەلایــە
حــەبی تەباشــیر، شــرینقەی قەڵــەم
ئەبێتــە شــیفای ئــازارو ئەلــەم
ئــەو کتێبانــەی لــە بەردەســتتایە
ڕەچــەتەیە کــە دەوای تــۆی تیایــە
ئەجزاخانەیــە هــۆدەی دەرســخانە
پــڕ لــە دەرمــانی دەردی نەزانــە
لەو ئەجزاخانە گــەر دەوات ئــەوێ
ســەعیکە هــەتا دەســتت ئەکــەوێ
بــۆ تێکۆشــینە ئەفــەرمووێ خــودا
(لــیس للانســان الا مــا ســعی)

[1] لــە دیوانەکەیــدا نەنووســراوە، کــاك فەرەیــدونی حــاجی کــەریمو شــێخ عومــەری کــوڕی شــاعیر لەبەریانەو نووسیویانەتەوە.

چای خواردن

کــــوردە دەخیلـــە دەســـتم بـــە دامـــان
(ســــەماوەرە زەرد) بهێنـــــە مەیـــــدان
ئـــاگری تێکـــە بـــا بێتـــە خــــرۆش
بــە وێنـــەی دڵــی عاشـــق بێتـــە جـــۆش
زیـــڕەی ســــەماوەر بـــە گـــوێ ببیســـم
بـــە ئیزنـــی خـــوا لـــە دەرد ناترســـم
نەخۆشـــی راســـتە بـــە دەس خوایـــە
چـــایش وەك مـــەولود دەفعـــی بەڵایـــە
قۆریـــەی رووســـی، پیاڵـــەی ژاپـــانی
شـــەکری بـــەلجیکا، چـــایی ســـیلانی
هـــەمووی حازرکـــە لـــە دیوەخانـــت
بـــا شـــادمان بـــێ ئـــەهلی دیوانـــت
بـــۆ ئـــەهلی مـــەجلیس تێکـــە پـــەیا پـــەی
بـــە یـــادی دەوران (کـــە یـــا نـــانی کـــەی)
ئەگـــەر خوداوەنـــد مـــاڵی داوێتـــێ
پـــارەو حـــەیوان و حـــاڵی داوێتـــێ
بـــۆ تـــۆ چـــا خـــواردن ئـــەخلاقی پاکـــە
(نـــور لەســـەر نـــورە) وەك ئیحســـان چـــاکە
خوای گەورە بۆ خۆی بـۆی کـردووین بـەیان
ئـــەموال و ئـــەولاد زینـــەتی دونیـــان
مـــادام وەهایـــە وەك زەخـــیرەی مـــاڵ
شەکرو چای ئـەوێ هەرکـەس بـە پێـی حـاڵ
بـــرا ئـــەزانی شـــەکرو چـــا بـــاوە

ئاومالَـــت ئـــەیخوا لـــەملاو لـــەولاوە
ئەگـــەر میوانـــێ رووی کـــردە ماڵـــت
شەکرو چات نەبێ، گـوی سـەگ بـە حاڵـت
مـــەڵێ قـــەدیمی زەمـــانی پێشـــوو
لـــە مـــاڵی شـــێخو ئاغـــا چـــا نـــەبوو
یـــاخود لـــە بـــاوو بـــاپیرم پرســـی
شـــەکرو چـــا ئەســـڵەن نـــەبووە باســـی
مـــەڵێ مـــن نـــایخۆم نایـــە بـــە ماڵـمـــا
ســـیرەتی بابـــە بـــۆ مـــن بـــەجێما
منـــیش کاکـــە گیـــان تەســـدیقی ئەکـــەم
بـــاوو بـــاپیرت چـــای نـــەکردە دەم
کـــەی لـــە زەمـــانی ئـــەوان بـــرا گیـــان
رێگـــای تیجـــارەت بـــووە وەك ئـــەلئان
بـــۆی بێنـــە پێشـــێ ئـــەنواعی تـــەعام
بـــۆت نـــەکرد چـــایی نـــاگری ئـــارام
کـــێ دێ ئوتومبیـــل بـــە فـــەردەو بـــە بـــار
شـــەکرو چـــا بێنـــێ لـــەم شـــار بـــۆ ئـــەو شـــار
کـــەی بیســـتویانە بـــە شـــەمەندەفەر
بێتـــە شـــارەکان ئـــەنواعی شـــەکەر
پاپۆڕیـــان کـــەی دی تیجـــارەت بکـــا
بـــە نـــاو بـــەحرا بـــێ بـــازاڕت پـــڕ کـــا
ســـەنعەتی قـــەدیم کـــەی ئـــاوا بـــووە
ســـەروەتی ئێســـتا کـــەی ئەوســـا بـــووە
کاکـــە ســـەروەتی زەمـــانی پێشـــوو

دەوڵــــەتیماڵـــێ: بزنـــێ یـــا دوو بـــوو
ئەگــەر خــۆ ماڵــێ جووتــێ گــای بوایــە
ئـــەوە مـــەزن بـــوو چـــونکە فەلایـــە
ئێســـتا کـــام کـــەس ئـــەڵێی فـــەقیرە
ســـاحێب ســـەروەتو تـــەختو ســـەریرە
هـــەموو ســـاحێبی پـــارەو مەعاشـــن
خـــاوەنی دەزگـــاو دیـــوانی باشـــن
هەرکـــەس بـــە نـــەوعێ کەســـابەت ئـــەکا
لەگـــەڵ ســـەڵتەنەت شـــەکرو چـــا ئـــەخوا
خـــەڵقی قـــەدیمی کـــەی لـــە مەیدانـــە
(ئـــەو نانـــە نانـــە ئـــەمڕۆ لـــە خوانـــە)
(مـــەزڵوم) ئەگـــەر تـــۆ وەکـــو ئـــەوان بـــی
نامـــەی ڕەزیلـــی بـــۆ خـــۆت ئەنووســـی

راوی نێچیری

ڕۆژێ بە عەزمی شکاری نێچیر
کردمە شانم تفەنگی پێنج تیر
خەریتەو چەتاڵ ئەسبابی شکار
پۆشام بە باڵا لە سەرتابەخوار
چوومە شکارگای جاری جارانم
خۆم خستە حەشار بۆ نێچیرانم
لە ناکاو گورگێ ڕێگەی لێگرتم
بە قەسدی خواردن یەخەی پێگرتم
دەستم لە کاردا هەڵمەتم بۆ برد
دوو سێ فیشەکم بۆ ڕەوانە کرد
بە زۆری گوللە گورگم کرد هیلاك
مێشکی تێکەڵ بوو لەگەڵ خوێن و خاك
کە دیم بێچوەکەی خەیلێ غەمگینە
لە داغی بابی دڵ پڕ برینە
دڵم نەیهێنا بێچولەی هەژار
هەر وەکو بابی بکەم گرفتار
هێنامەوە ماڵ بە کەشك و پەنیر
بە گۆشتی برژاو بە قەیماغ و شیر
پەروەردەم ئەکرد بێ سزاو زەرەر
تاوەکو بابی بوو بە هەڵمەتبەر
نازانم داغی کوشتنی بابی
لە دڵیا ماوەو هەروا لە یادی
لە بۆ حەقی خۆی وا فرسەت بینە

بـۆ قەسـاس سـەندن هـەر لـە کەمینـە
ناغـــافڵ وەك مـــار ئـــاڵا لــــە رانم
پـــڕ دەمـــی بـــڕی لـــە گۆشـــتی گیـــانم
ئاخ لـە بۆ کەسێ دەسـی کـەوت دوژمـن
رەگو رەچـــڵەکی دەربێنـــی لـــە بـــن
گـــەورە نـــەکوژیو بچـــووك جێبێڵـــێ
بیـــێ بـــە ئـــاگر بـــەربێ لـــە خێڵـــێ

جەژنە پیرۆزە

جەژنم غەمە، یاخود ئەسەف، بـادەم تاڵــە وەك زەهـری مـار
تـــەن ســـوختەو دڵ حـــەزینم لـــە فیرقـــەتی یـــارو دیـــار
تـــەن زامـــدارو دڵ ســـپێرم لـــە بـــۆ تەعنـــەی رەقیبـــانم
كونكون بووە جەرگو دڵم، هەر وەكـو نـەی ئـەكا هـاوار
لە راستیدا مـن كەسـێكم لـە نـاو ئـۆردووی دەردو غـەما
فەقـــەت ئـــەمڕۆ بـــەرزە شـــانم فـــەریقو ســـپەهـ ســـالار
ئەوسافی خۆم گەر بەیان كـەم لـە بـۆ ئێـوە بـە موختەسـەر
گەهـ فاعیلو گـەهـ عـامیلم، گـاهی جامبـاز لـە نـاوی شـار
غـەمم زۆرە، غـەمی ئێـوەش كـە بـێ مـەیلن بۆتـە سـەربار
خوایە دووربن لە موسـیبەت، هـەم لـە بـەلای رەبـی سـتار
دائـــم ئـــەڵێم بـــە رۆژو شـــەو (أســـعد الله أیـــامكم)
موبارەك بێ لە بـۆ ئێـوە جـەژنی ئەمسـاڵ هـەر وەكـو پـار
با (مەزڵوم)یش لـە غوربەتا جەژنی غەم بـێو خـۆراكی دەرد
بـێ بـەهرە بـێ لــە دیـدارتان هــەتا رۆژی دیـوانی كــار

سەلاحەدین

ســـەلاحەدینی ئـــەیوبی لەقـــەب
ئیفتیخارمانـە ئـەی کـوردی حەسـەب
ســـوڵتانە ئـــەمڕۆ قـــەهرەمانی کـــورد
یەعنی شێخ مـەحموود حسـێنی نەسـەب
یەکســـەر تێکۆشـــن بـــرای هاوزبـــان
لــە بــۆ ئیتیحــاد بــە رۆژو بــە شــەب
کــوردە دەخیلــە شــێرانە دەســـتوور
بۆ دەفعـی جـەهل عـیلم کـەن تەڵـەب
کاسەی مەعریفـەت پـڕو لێـوان کـەن
هـەموو بنۆشـن یەکســەر (لەبالـەب)
سەربەستیو جەسـوور ئیرسـی خۆمانـە
بۆمـان بـەجێما لـە ئەجـدادو (ئـەب)
ئەم ئیرسەی کوردە با نەدەین بـە کـەس
نـەبێ بـە مایـەی خەفـەتو غـەزەب
ئیلتیمـــاس ئـــەکا (مـــەزڵوم)ی فـــەقیر
ئـەم نەسـیحەتە فێـر بـن لـە مەکتـەب

دنیاو چەرخ

رووم لــە تۆیــە، گــوێڕاگرە، بــۆت بەیانکــەم ماجــەرای دڵ
هەرچــی ئــەڵێم عــاجز مەبــە، بــا داغــی خــۆم نەبەمــە گــڵ
ئاگرت تێچــێ جیهــان! ڕەببــی گــەردنت شــکێ بــۆ کــردەوەت
تــۆی مەنبــەعی فســقو فەســاد، تــۆی ئالــەتی زوڵــمو قــەتڵ
شــاخی بــەرزت دەبــێ دەربــێ بــە دەم ســزاو نەگبەتــەوە
تــەختو بــەختت ســەرنگون بــێ، تــا قیامــەت ببــی خەجــەڵ
من بــە هــەدەر لۆمــەت ئەکــەم، بــە بــێ ســوودە تەعنــە ئــەدەم
هەرچــی بکــەی عــەیب نییــە، باکــت نییــە لــە تەعنــەی گــەل
بــێ ئوســوڵە ئیشــوکارت، بــێ مەتڵەبــە گــیرو دارت
بە کەر ئەدەی تەوقەی زێڕین، لە سەگ ئەکەی حیلەی غــەزەل
وەکــو شــەیتان تــۆ لــە ڕێگــە دەرئەکــەی منــداڵی خــەڵقی
نــانی بــاوکی خــۆی نــەدیوە، دنیــات دایــە خەزنــە لــە گــەل
وەکــو تاســی حــەمام وایتــە، وەفــات بــۆ کــەس نییــە تــا ســەر
تاڵبانــت بــە داغ ئــەمرن (مونکیرانــت) عــەدوون بــە دڵ
غــەیری (مــەزڵوم) هــەموو عالــەم بــۆ وەســڵی تــۆ خرۆشــاوە
بە دەس سیحرو جــادووی تــۆوە بیریــان چــووە دەردی ئەجــەل

ئامۆژگاری

ئـەم نەسـیحەتەم نووسـی لـە دەفتـەر
بیگـرە لـە گـویێ، هـەم بیکـە لەبـەر
پەنـدێکی نـافیع سـاحێب سـەوابە
رێنمـای خێـرو چـاکەو حیسـابە
رۆڵـە پێـت ئـەڵێم چـاکو خـۆش خووبـە
شـیرین کـەلام بـە گەشـاوە رووبـە
رووخۆش بە چاکە لەگەڵ هەموو کەس
لەگـەڵ غـەریبو فـەقیرو بێکـەس
رەحـم بـە هـەتیو، ئـەدەب لـە گـەورە
بچـووك دڵ خۆشـکە هـەر ئـەوە خێـرە
مـوکرم بـە رۆڵـە بـۆ خـۆت بفامـە
رەحـمو دڵـت بـوو، عـەقڵت تەمامـە
ئەگـەر تـاڵیبی نـەبی بـە ناکـەس
تـەوازع بکـە لەگـەڵ هـەموو کـەس
فەرموودەی حەزرەت شاهی (لەولاکـە)[1]
جـەزای خراپـە بـدە بـە چـاکە
لەگـەڵ هاودینـا یـەك دڵو رەنگبـە
لەگـەڵ بـێ عـەقڵ کەمـدوو بێدەنگبـە
لـە رەفاقـەتی هـەرزەو هـەرزەکار

---

[1] ئاماژەیە بەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: لولاك لولاك لما خلقت الافلاك.

دووربــە عــەزیزم زینهــار ســەد زینهــار
بـــۆ پەیـــدابوونی دوژمـــن مەکۆشـــە
دۆســـت پەیـــدا بکـــە ســـڕیان بپۆشـــە
خـــولقی قەناعـــەت شـــیرین‌و بـــەرزە
قەناعـــە بکـــە مەبـــە بـــە هـــەرزە
کەســـێ ئینســـان بـــێ تەکـــەبوور ناکـــا
هـەروەکو شـەیتان خـۆی مـەغروور ناکـا
خـۆت دەنـی مەکـە، مەبـە بـە دووڕوو
هــەر وەکــو مەگــەز مەنیشــە لــە گــوو
ئەگــەر وەعــدەت دا ئــەبێ وەفــات بــێ
راســتگۆ بــە دائــیم ســەیرو ســەفات بــێ
بــە چــاوی ســووکی مەڕوانــە فــەقیر
فــەقیر خــۆی نــادا بــە هــەزار ئــەمیر
دنیـــای بـــێ بـــەقا، زۆر بێوەفایـــە
هـــەر رۆژ بـــۆ کەســـێ ئەچـــێتە کایـــە
زۆر بــە تاعــەت بــەو دەروونــت پــاك بــێ
نەزەر قەت مەکـە، چـاوت روونـاك بـێ[2]
رۆڵـــە ئـــەمین بـــە خیانـــەت مەکـــە
ئیســـلام بـــە، تـــەرکی دیانـــەت مەکـــە
لــە رووی بــاب‌و داك بــێ ئــەدەب نــەبی
بــا لـــە ئــاخیرەت موعــەززەب نــەبی
قـــەدری ئوســـتادت فـــرە بزانـــە

---

[2] نەزەر: تەماشاکردنی مێینەی غەیری خوشك بە نیازی سێکسی.

بــێ ئــەدەب نــەبی ئــەخلاقت جوانــە
رەزیلــی مەکــە زینهــار ســەد زینهــار
ئینســانی رەزیــل قــەت نــەگری بــە یــار
ســەخاوەت بکــە چــەندت تاقەتــە
ســەخاوەت تۆشــەی رێــی قیامەتــە
ســنعاتێ عــەزیز! بزانــە چــاکە
ویجــدانت ببــێ کــردەوەت پاکــە
رووخــۆش بــە دائــیم فــەرەح لــە دڵ بــە
لــە رووی خــەڵقا هــەر وەکــو گــوڵ بــە
ئیکرامــت ببــێ لەگــەڵ میوانــت
لەگــەڵ دراوســێو ئــەهلی دیوانــت

لە بەحری میحنەت و غەمدا

لــە بــەحری میحنــەتو غەمــدا، هــەموو عالــەم پەرێشــانە
لــە شــومی جــەوری گەردوونــە کــەوا پامــاڵی وێرانــە
ئەبــەد شــەرمی گلەمەنــدی لــە چــەرخی ئاسمــان ناکــەم
لــە جێــی دانــا، دەنــی دانــا، لــە هــەولی شۆڕشو شــانە
زەمانــە دون پەســەندە، گشــت بــە داغــی ســینە ســوتاوە
بوزورگــانی کــەرەم پیشــە، بــە یــەك دەفعــە پەرێشــانە[1]
زەمــانی نامــەوەر، ئــەمڕۆ لــە تەنگیــدا خــەریك مــاوە
وەکو هەورێ بە دەم (صرصر) شــێواوی حــوکمی یەزدانــە
خــیلافو تــەرکی عاداتــە وەکــو مــەجنون لــە دونیــادا
بکــەم زاری هــەتا وەقتــێ کــە حەشــری جنو ئینســانە
لە دەس جەوری فەلەك ئاگر لــە خــەرمانی دڵــم بــەربوو
خاکی عالەم بە سەر (مەزڵوم) کە غەرقی دەردو هیجرانــە

[1] بوزرگان: گەورەو هەڵکەوتووان.

کەرە دێز

مایــەی نۆمــاڵیم کــەرێکی دێــز بـــوو
چــاپۆكو وریــا گــەلێ بــەهێز بـــوو
هەربەناو کەربوو رەوتو رەفتـار خـۆش
عـەقڵی زیـاتر بـوو لـە بـەعزێ بێهـۆش
چونکە ئەو کەرە چوسـتو چـالاك بـوو
دێزێکـی پەسـەند دەسو چـاو پـاك بـوو
خزمــەتم ئــەکرد بــە رۆژو بــە شــەو
نەمئـەدا بـە سـەد ئێسـتری خۆشـڕەو
عەجەب شێری بـوو بـۆ رێگـەو سـەفەر
لە دەشت کـەژدا چوسـتو هەڵمەتبـەر

☆ ☆ ☆

کـــاتێکم زانـــی خەبـــەریان هێنـــا
قاچـــی کـــەرە دێـــز لـــە بنـــا شـــکا
کـە دیـم کـەرە دێـز شـلو شـێواو بـوو
ســەبرم لێــبڕا چــاوم لـــێلاو بـــوو
هاتمــە گوفتــار لــە رووی قــارو قــین
ئەمــە چ کەســە لــە رووی ســەرزەمین
کــێ وا جەســوورە ســاحێب زۆرو سـام
قاچی ئەم کەرەی جیا کـرد لـە ئەنـدام؟
شــەرتە هــەقی خــۆم، بــۆ خــۆم بســێنم
ریشەکێشـــی کـــەم جـــەرگی دەربێـــنم

☆ ☆ ☆

زانـــی غـــەزەبناك دڵـــم بەجۆشـــە
بـــۆ قەساســـی ئـــەو دڵ بـــە خرۆشـــە
بـــە رەســـمو تـــەعزیم هاتـــە پێشـــەوە
وتـــەی شـــیرین مـــەعنا کێشـــەوە
وتـــی غـــەم مـــەخۆ مەکێشـــە ئـــازار
هـــەقم بســـێنی رەحـــیمو غـــەفار
ئـــەم ئیشـــە ئیشـــی (............)
ئیشـــی شـــێخ رەشـید کـە خزمـی خۆتـە
☆ ☆ ☆
وەرنـــە کەســـی تـــر چ حـــەدی هەیـــە
تـــەجاوز بکـــا بـــەم دەرەجەیـــە
منـــیش ئومێـــدو رجـــام وەهایـــە
بـــۆ قەساســـی مـــن مەســـڵەحەت بوایـــە
وتم کـــەرە دێـــز قســـەت مەقبولـــە
قەناعـــەت ئەکـــەم لـــە لام مەعقولـــە
ئەمن خۆش ئـەبم (سـاڵح) خـۆش نابـێ[1]
بـــەم مەســـڵەحەتە قـــەت رازی نابـــێ
گەرچـــی خزمیشـــن عـــەفویان ناکـــا
خـــوێنی کـــەرە دێـــز تـــاقیق گـــوم ناکـــا
☆ ☆ ☆
ســـاحێب تفـــەنگو دەمانچـــەو تـــیرە
ژێـــرەوژوور ئـــەکا خـــاکی (فـــەقیرە)
مـــەعلوم دیـــارە لـــە لام رۆشـــنە

---

[1] ساڵح شێخ ساڵح کارژاوییە کە هاوڕێی خۆشەویستی مەزلومو شەریکی بووە لە کەسابەتدا.

خـوێنی کـەرە دێـز دەبـێ بـە فیتنـە
هاتـەوە گوفتـار بـە دادو ئامـان
وتـی (سـەید ئەحمـەد) دەسـم بـە دامـان
مـن قاچـم شـکاو حـاڵم بـێ فـەڕە
مـەڵێن کـەرە دێـز هـەر مایـەی شـەڕە

☆ ☆ ☆

لـە حقـوقی مـن گـەردن ئـازابن
مـەحفوز لـە فیتنـەو بـەڵای خـودا بـن
تـۆش ئەگـەر مـەردی مـەردی بنوێنـە
(سـاڵح) رازیکـە دڵـی مەشـکێنە
ئـەمن بـە قسـەی ئـەو کـەری فـەقیر
چوومە لای (ساڵح) بـە فیکـرو تـەدبیر
وتم براکـەم بـە (نەصـی) خەبـەر
هەرکەس ئیسلام بـێ بـەڵای دێتـە سـەر

☆ ☆ ☆

ئێسـتاش کـەرە دێـز قاچـی شـکاوە
ئەڵبـەت خوداوەنـد ئەوەنـدەی داوە
هەرچـەند قـاتیلی (شـێخ رەشـید) بـووە
ئـەمری خودایـە ئـەو سـەبەب بـووە
ئـەبێ سـابیر بـین، قەناعـەت بکـەین
کـاری خودایـە کـەس عـاجز نەکـەین
وتـی: چـی بڵـێم قسـەم نـەماوە
پـەتی (تـەمورم) یـەکجار بـڕاوە

☆ ☆ ☆

ئـــەهلی (فـــەقیره) ســـیغارو کیبـــار
ئـــەمکردن بـــه پەنـــد واتـــەی رۆژگـــار
لـــه حقـــوقی خـــۆم ســـەرفی نـــەزەر بـــێ
گـــەردن ئـــازابن گـــەر هـــەزار کـــەر بـــێ
کەره دێـــز چـــونکه لـــەفزی شـــیرین بـــوو
لـــه بـــۆ دوژمنـــان مایـــەی خۆشـــبین بـــوو

☆ ☆ ☆

کـــەره دێـــزم رۆ، کـــەره دێـــزم رۆ
مـــوتیعی فـــەرمان هـــیچ نەڕێـــژم رۆ
کاســـبی فـــەقیر هـــیچ نـــەزانم رۆ
ســـابیرو شـــکور بـــێ کـــاو دانم رۆ
ئـــازاو گورجوگـــۆڵ ڕێـــی کـــاروانم رۆ
شـــێری مەیـــدانی گشـــت کـــەرانم رۆ

☆ ☆ ☆

هـــەتا تـــۆ مـــابووی هـــیچ بـــاکم نـــەبوو
غـــەمو غائیلـــەی خـــۆراکم نـــەبوو
کـــەره دێـــزم بـــوو، بـــۆ (ئـــەخزی معـــاش)
هەر کەره دێـــز بـــوو بـــۆ کـــاروانو ئـــاش
ئێســـتا تـــۆ رۆییـــت باڵـــت شـــکانم
ســـەرو ژێـــرت کـــرد بـــاری ژیـــانم
دوعایـــه ئەکـــەم رەببـــی گیرابـــێ
ســـەبەبکارەکەت غـــەرقی بـــەلا بـــێ

من کە ئەزەل

مـن کـە ئـەزەل مشـتی خـاکم، چـوومە سـلکی ئینسـانەوە
مـن کـە ئینسـانم حەقیقـەت، چـیمە بەسـەر حەیوانـەوە
دڵی بەدخوو ئەوا شێت بوو لە دەس چەرخی زەمـان ئـەمڕۆ
کـە مـام ریـوی‌و چـەقەڵ چـوونە لانـەی شـێری ژیانـەوە
بـۆ لـە داخـا مـن نـەمرم، بۆچـی دڵـم لەتلـەت نـەبێ
چـۆن مریشـك‌و کونەپـەپوو چـوونە ریـزی ئینسـانەوە
وا لـە داخـا رۆحـم رۆیـی، بۆچـی نیگاهێکـت نـەکرد
کەسـوکارت هـەموو مـردن خـۆ بـە خـاکی ئێرانـەوە
بۆچـی جارێـك تـۆ ناپرسـی لـە ئـەحواڵی فـەقیرانت
هـەموو تووشـی وەرهـەم هـاتن چـوونە کـونجی زیندانـەوە
بۆچی فەلەك بۆتە خەرەك کە وا دۆخی غـەم هـەر بـا ئـەدا
تـانوپۆی دڵـی زارم کەوتۆتـە نێـو مەیدانـەوە
لەگـەڵ ئـەغیاری بـەد سـیفەت دەخیلـە مەکـە لوتفـێ
کـە گـوڵزارو بـاغی ئەمـەل ئـەوەی بـە دەس نەزانـەوە
مەحسوبی تـۆ لـە هەرلایـە ئەگـەر مابـێ وەکـو (مـەزڵوم)
پەرێشـانن هـەموو ئـەمڕۆ بـە دەس جـەوری زەمانـەوە

سەرگوزەشتەی مەزڵوم

سەرگوزەشتەی خـۆم نووسـی لـە دەفتـەر
ئیـــدارەو خوێنـــدن تـــەواو سەربەســـەر
شەش ساڵ بوو عـومرم چـوومە مەدرەسـە
لـــە بـــۆ تـــەعلیمی عـــیلمو هەندەســـە
هەتا دوو سێ ساڵ سەعیم کـرد بـە گیـان
ئەوســـایە مـــادەم چـــووە گوڵســـتان
وەقتـــێ کـــە عـــەقڵم تـــەواو هاتـــە دوو
بـــۆ خوێنـــدەواری ئـــاگرم تێچـــوو
لـــە بـــۆ تـــەعلیمی عـــیلمو شـــەریعەت
چـــوومە ســـلەیمانی پـــڕ ســـزاو مەینـــەت
چـــەندە مامـــەوە بـــێ مـــاڵو بێحـــاڵ
بـــێ ئێـــوە نـــاخۆش رامبـــوارد بـــە ســـواڵ
جومعـــە دەعـــوەتم نانـــە رەقـــی کـــۆن
یـــا ماشـــێنی روون بـــە بـــێ تـــامو رۆن
مـــن جـــەژنم ئـــەکرد بـــە شـــۆربای شـــیناو
ئـــەمکردە بـــەرم یـــەك کـــەوای دڕاو
لەگـەڵ ئـەم حاڵـە بـێ فلـسو مـوفلیس
چـــواردە ســـاڵە بـــووم گەییمـــە تەســـریف
چـــونکە لـــوتفی حـــەق یـــاوەرم نـــەبوو
بـــە تـــەرەقی خـــۆم بـــاوەڕم نـــەبوو
وەسوەســـەی دنیـــا بـــوو بـــە هـــامڕازم
بـــوو بـــە رەفیقـــی ئاواتـــەخوازم
مائیـــل بـــووم بـــە دڵ بـــە دنیـــاداری
کـــەمێ هـــەوەسو هـــەوای دڵـــداری
موبتـــەلابوونی (مـــەزڵوم) ئەپرســـی
هـــەزارو سێســـەد هـــەم چـــلی نووســـی

خەوم دی[1]

ئەمشـــەو لـــە خـــەوما مــودیرێکم دی
ســاحێب ئیـدارەو ســولتەو تەجــەللی
مــودیر وەزیفــەی خــۆی تــەواو ئــەکرد
ئیشــی میللــەتی بــە سەرچــاو ئــەکرد
ئــەیکرد تەماشــای ئیشــی ئیســتیهلاك
فــەرمانی ئــەدا سەربەســـتو بێبــاك
رۆژێ دای لەزەنگ فەراشی بـانگ کـرد
هاتــە ژوورەوە تەمــەننای بــۆ کــرد
وتــی ئــەم غــەوغاو هەرایــە چــییە
ئــەم خەلقــە زۆرە ئیشــی بــە چــییە؟
وتــی: ئــەهالین هــەموویان هــاتوون
بــۆ وەرگرتنــی شــەکر پەیــدا بــوون
کوێخاکــەی دوێنــێ رۆنەکــەی هێنــا
هــاتووە بــۆ شــەکر ئێســتا وا لێــرا
فــەرمووی، پێــی بلــێ بێتــە ژوورەوە
حورمــەتی بگــرە هــەر لــە دوورەوە
ســۆئالی لێکــرد لــە رووی موحیبــەت
حــاڵو ئــەحواڵو ئیــدارەو ســیحەت
وتــی: لــە سـایەی لــوتفی تــۆ چـاکین
فەقــەت بــێ شــەکر، گــەلێ هــیلاکین

---

[1] کزەڵ بۆ ئەم هۆنراوەیە لە پەراوێزدا نووسیویەتی:
هەرچیت کە بینی بە راست یا بە خـەو
گشت لارو پەرچە ئێستایش وەکو نەو

شـەکری ئـەداتێ سـەری چـوار کیلـۆ
ئـەڵێی فـلان کـەس: ئەمیشـە بـۆ تـۆ
ئەگـەر ئیشـەکە ئـاوا نەبوایـە
بـە مـەرامی خـۆی شـەکرم ئەدایـە
فـەراش دووبـارە ئەچـێتەوە ژوور
دیسـان تەمـەنا ئـەکات لـە حـزوور
ئـەڵێی فـلان شـێخ قوربـان هـاتووە
دوو ربـە نـۆکی بـۆ تـۆ ناردووە
دێتـە ژوورەوە ئەوەسـتێ سـاتێ
سـەری سـێ کیلـۆ شـەکری ئـەداتێ
کەسـێ کاغـەزی دۆسـتێکی بێنـێ
سـەری دوو کیلـۆ شـەکر ئەسـێنێ
ئـەمێنێ ئـەهلی فـەقیرو هـەژار
مسـکێنو زەلیـل، ژنـی هـەتیوبار
مـودیر عاقڵـە کـە ئـەیان بینـێ
بـە جێگـای ئومێـد کەسـیان نابینـێ
ئـەڵێ میعـادی شـەکر نـەماوە
بـە بیتاقەیـە هـەمووی نووسـراوە
ئیـتر بـە هـیچ کـەس شـەکر نـادرێ
بـڕۆن بـەیانی شـەکر ئـەدرێ
وەقتـێ سـبەینێ فـەقیرو هـەژار
ئەچـنەوە سـەری بـە چـارو ناچـار
مـودیر بیتاقـە لای خـۆی دائـەنێ
یەکـە بـە یەکـە ئیسـمیان ئـەخوێنێ
بە هەشت سەرخێزان بە سەد موشـەقەت

کیلۆیە شەکر ئەدا بە رەحمەت
ئەگەر فەقیرێ شەکوای خۆی بکا
لێی عاجز ئەبێ هەم ریسوای ئەکا
ئەڵێ هەی وەحشی بۆ عەقڵت وایە
بۆچی کارگەی شەکرم لە لایە
حکومەت چی داوە هەر ئەوە ئەدەم
مەعلوم حەقی کەس بە هیچ کەس نادەم
کەسێ گوێی لێبێ ئەڵێ عادلە
ساحیب ویجدانە خەیاڵێ عاقڵە
یاخوا قانونو ئیدارەی وەها
خوا نەیدا بە کەس نەبێ موبتەلا
کە ئەم حاڵەم دی مەعلوم بوو لە لام
بێدار بووم لە خەو بە گورجی هەستام
وەقتێ ئەڕوانم ماڵی خۆمانە
لە کوێ مودیرەو، کامە دیوانە

بۆ (شێخ سەلام)ی شاعیر

ئـەریٚ هـەی دڵـەی غـەمباری حـەزین
تـــەیری نـــامراد ئـــاوارەو غـــەمگین
راپـــەڕە بـــڕۆ بـــۆ لای دۆســـتانم
دۆســـتی قـــەدیمم ئـــارامی گیـــانم
ڕێگـــا بگـــرە بـــەر بـــڕۆ تـــۆ بـــە تـــاو
تـــۆ رووبکـــەرە قەڵاکـــەی بـــاراو

☆ ☆ ☆

ئـــازا کوڕانـــە ســـەرکەوە بـــە گیـــان
ســـەرەوژێر بـــڕۆ بـــەرەو لای (چـــنگیان)
لـــەوێ مەوەســـتە بگـــرە ملـــەو رێ
ڕێگـــا ئەتباتـــە مەرکـــەزی نـــۆدێ
بزانـــە نـــۆدێ جێگـــای پیرانـــە
مەرکـــەزی نـــەوەی شـــێری یەزدانـــە

☆ ☆ ☆

بکـــە زیـــارەتی مـــەردانی ئـــەوێ
ئوتـــومبێلی پێـــت بخـــەرەوە رێ
بەســـەر (هـــەرمنا) بـــڕۆ بـــە حـــزوور
هـــەتا ئەگەیتـــە ئـــاوی گوکـــە ســـوور
لەسەر ئەو چـەمە هـەر مـەگرە لەنگـەر
هـەتا لـە هـەوراز راسـت ئەچـیتە سـەر

☆ ☆ ☆

دڵــــە بزانـــە ئـــەو قـــەزا جوانـــە
جێگـــای شـــەرەفو کـــانی ویژدانـــە
جێـــی ئاسایشـــی ســـوڵتەی دەوڵـەتـــە
مایـــەی فـــەرەحو ژینـــی میللەتـــە
رووکـــەرە تـــەموین دڵـــەی پـــڕ هونـــەر
لـــە بـــۆ دیـــدەنی دۆســـتو بـــرادەر
ئەگـــەر ئەتـــەوێ تـــۆ بێـــی رووســـوور
(ســـەلام) بناســـە لـەگـــەڵ چـــوویتە ژوور
چـــۆن موعتەبـــەری هـــەموو دیوانـــە
بـــێ ئوســـوڵ نـــەبی ســـەلام بزانـــە
عـــەرزی ئیخلاســـم تەقـــدیم کـــە دەردەم
ئـــەمجا دەســـخەرە ناودەســـی ئەدهـــەم
وەکیلـــی منبـــە ئـــەی دڵـــەی (مـــەزڵوم)
عـــەرزی ئیخلاســـم تەواوکـــە مـــەعلوم

حوزەیرانی ١٩٤٣

بەرزنجە

بەرزنجەیـــە مەرکـــەزی ئـــەولیاو قـــوتبی زەمـــان
بەرزنجەیـــە مەســـکەنی ئەســـفیاو مـــەردی جیهـــان
جێیـــەکی پـــڕ عـــیلمو وڵاتێکـــی پـــڕ لـــە حـــیلم
مـــەکانێکی موقـــەدەس، بـــۆ ئـــەورادو زکـــری ســـوبحان
خـــاکی نـــەزەر کـــردەی تەهایـــە بـــە حەقیقـــەت
نابـــێ مـــەدحی ئـــەو خاکـــە تـــەواو، نـــاکرێ بـــەیان
ئاب‌و هەوای وەك بەهەشتە، ئابـاری عـەینی کەوسـەر
جێگای سیدق‌و سەداقەت، جگە لـە ئیـنس لـە جـان
جـانم فیـدای سـروەت بـێ، ئـەی خـاکی پـڕ هونـەر
ئـەی ئیحیاکـەری نـەباتات‌و جـەمیعی گیـاو گـوڵان
لەوساوە کە (شێخەین) دەرچوون لـە دنیـا بـە وەفـات
ســـوتاوە بـــاغی ئەمـــەل تووشـــنەیە دڵ پەرێشـــان
هیممەت بکە ئەی منـەوەر بـە نـوورت جوملـە وڵات
خەلاسـی بـێ بـەلکو، دڵـی خەسـتەم لـە هیجـران
دڵی (مەزڵوم) لە کەیفی بەخششـی تـۆ وەك مـەجنون
دەتکێ لە هەوری چـاوم، ئەشـکم بـە میسـلی بـاران

قەڵای سروچك

ڕۆژێ بـۆ سـەیران بـە کـەیفو سـروود
چـوومە لای قـەڵای سروچـك مەشـهوور
وەقتـــێ ئـــەبینم قـــەڵای بێشـــومار
گشـــت خـــراپ بـــووە لەســـەرتابەخوار
تـــەواو ڕووخـــاوە دیـــوانو ســـەرا
شـــەقی بـــردووە وەك تـــاقی کیســـرا
پرســـیم ئـــەی قـــەڵا کـــۆنی وێرانـــە
کــێ تــۆی کــرد بینــا لــە ڕووی زەمانــە

☆ ☆ ☆

کـام حـاکم، نەخشـەی تـۆی دارِشـتووە
چ پاڵـــــەوانێ تـــــۆی وا کـــــردووە
وتـــی: لـــە عەســـری قـــەدیمی زەمـــان
(ســـەلیم شـــا) بـــووە، فارســـی زمـــان
منـــی بینـــا کـــرد بـــۆ ژیـــانی خـــۆی
سەنگەربووم بۆ خۆی، ڕوونـاك بـۆ ئاسـۆی
خـۆی حـوکمی ئـەکرد بێبـاك لــە دونیـا
بەیـــداخی حـــورِی لـــە بـــۆ هـــەڵکرا
گـەلێك زۆردار بـوو، سـاحێب پەهلـەوان
ســـیلاحی جـــەنگی شمشـــێرو قـــەڵخان

☆ ☆ ☆

ڕۆژێ (ســـەلیم شـــا) پرســـی لـــە ژنـــی

لـــە مـــن چـــاپوکتـر تـــۆ کـــەس ئـــەبینی
چـــالاکتـر لـــە تـــۆم بـــە چـــاو نـــەدیوە
نـــاوی کەســـێکم بـــەلاّم بیســـتووە
گـــەلێ شـــەجیعە ســـاحێب جەمالـــە
خـــەیلێ خرۆمەنـــد زۆر بـــە کەمالـــە
نـــاوی مەشـــهوورە: ســـەید قەلەنـــدەر
جێگـــای بەرزنجـــە، لـــە نەســـلی حەیـــدەر

✯ ✯ ✯

بـەم قسـە خـەیلێ (سـەلیم) بـوو غـەمبار
جـــوابی ژنـــی دا لێـــی هاتـــە گوفتـــار
وتـــی: ســـبەینێ بـــە مـــەودای خەنجـــەر
ئـــەبڕم لـــە بنـــا ســـەری قەلەنـــدەر
کـــە هێنـــام ســـەری قەلەنـــدەر بـــۆ لات
جەســـارەتی مـــن مـــەعلوومی ئـــەدات
ئـــەمری کـــرد ســـوپا تـــەواو خرۆشـــا
ئەســـبابی جـــەنگی بـــە قۆشـــەن پۆشـــا

✯ ✯ ✯

وەقتـــێ قەلەنـــدەر خەبـــەری زانـــی
ســـەلیم چـــەند ســـوپاو لەشـــکری هـــانی
پۆشـــای بـــە بـــالاّ هـــەر وەکـــو حەیـــدەر
شمشـــێرو قـــەڵغان، پێکـــانو پێکـــەر
ڕووی کـــردە ســـوپاو لەشـــکری عـــەزیم
تـــا لـــە (ســـلاّوگە) گەیشـــت بـــە ســـەلیم
دەســـتی دا شمشـــێر ســـەید قەلەنـــدەر
بـــە قەســـدی کوشـــتن کەوتـــە نـــاو لەشـــکر

سـەلیم پەهلـەوان دەسـتی دا کـەمان
لـە بـۆ قەڵەنـدەر خـۆی کێشـا مەیـدان

☆ ☆ ☆

چـەند زەربـەی سـەختی دا لـە قەڵەنـدەر
بـە زەربـەی سـەلیم نـەیهێنا زەرەر
دەسـتی دا خەنجـەر قەڵەنـدەر بـە قـار
هـەر وەکـو عـەلی حەیـدەری کـەرار
بـە شـیپی خەنجـەر کـە هەڵمـەتی بـرد
سـەری سـەلیم شـای لـە تـەن جیـاکرد
لەشـکری سـەلیم رووی کـردە فـیرار
بـەعزێ بـۆ زەڵـێ قسـمێ بـۆ کۆسـار[1]
قـەڵای سروچـك بـە زەربـەی هونـەر
گـیرا بـە زۆریـی بـازووی قەڵەنـدەر

☆ ☆ ☆

تـەواو لەشـکرو سـوپای سـەلیم شـا
هـەموو تەسـلیم بـوون، سەراسـەر گـیرا
سـەری سـەلیم شـا، قەڵەنـدەر دەردەم
لـە بـۆ تەماشـا نـاردی بـۆ حـەرەم
حـەرەمی سـەری سـەلیم شـای بینـی
گـاه گـاه ئـەگریا، گـاه پێئەکـەنی
ئـەم وەسـفەی عەجـەب هاتـە بـەر نـەزەر
ماجـەرای پرسـی سـەید قەڵەنـدەر
وتـی سـەلیم شـا لـە رووی حەرەمـدا

---

[1] زەڵێ: ناو دەشتاییەکە لە بەردەم بەرزەنجەدا.

دوێ فـــەخری ئـــەکرد لافـــی لیێئـــەدا

☆ ☆ ☆

ئـــەیووت بـــە زۆری بـــازووی پـــڕ هونـــەر
ئـــەبڕم ســـەری ســـەید قەلەنـــدەر
فـــەخری کـــرد بۆیـــە وا کەســـری هـــانی
لافـــی عـــەکس بـــوو، ئەیـــدا زوبـــانی
لـــە پـــاش نـــەمانی حـــوکمی ســـەلیم شـــا
ســـەراو ئـــەیوانم سەراســـەر رووخـــا
ئەمـــە چـــەند قەرنـــە ئـــەمن وێرانـــەم
ســـەرکزو شـــێواو، دەســـتی زەمانـــەم
حـــاڵم ئەمەیـــە بـــۆت ئەکـــەم بـــەیان
نەشـــریکە (مـــەزڵوم) بیکـــە بـــە ئـــیعلان

نەورۆز[1]

بیستوومە کورد، جەژنی بوو ساڵان
لە حەمدی خواوە ئەمساڵ بوو بە دووان
لە نەورۆزدا بوو دەوڵەت بۆ کوردستان
فریای هەژار کەوت، وەك مەردی مەیدان
بوونە سەبەبی ژینی هەژاران
ئەی زاتی گەورەی ئەم حکومەتە
دوعا گۆییتان بۆمان فرسەتە
چونکە کۆششتان ژینی میللەتە
هەوڵو تەقەلای حوبو حورمەتە
دائیم دوعا گۆم بە دڵو بە گیان
بەراتی فەرموو دەوڵەت بە هەژار
بۆ گەدای لادێو هەژارانی شار
گەنمو جۆی زۆر دا بە فەردەو بە بار
جەژنانەی جەژنی نەورۆزی بەهار
بژی حکومەت، بمێنێ بۆمان
هیممەتی تۆیە زۆر بە ئاسانی
هەژاری دەرکرد لە چنگ گرانی
ویستی کە میللەت خۆشی ژیانی
بۆیە گەنمو جۆی زۆری بۆ هانی
پایە بڵند بێ تا ئاخر زەمان

---

[1] ئەم پارچە هەڵبەستە لە ساڵانی ١٩٤٢ — ١٩٤٣دا وتراوە کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا گرانییەکی گەورە بووە، لەو کاتەدا حکومەتی عێراق گەنمی بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا دابەشکردووە بە سەرپەرشتی مامۆستا (زێوەر)، ئەم کارە بووە بە هەوێنی ئەم هەڵبەستە.

ئامری موشفق

ئـــامری موشـــفق گـــەورەی میهرەبـــان
پاشـــازای مەشـــهوور، ئـــەمیری کـــوردان
گەر مەدحـــەت بکـــەم ئیســـمی کـــەریمت
پشـــــتی ســـــەخایی حاتـــــەمت شـــــکان
ئیـــــدارەو عـــــەدلت بۆتـــــە نموونـــــە
لـــــە رووی دنیـــــادا وەك نەوشـــــیرەوان
میللـــــەت پـــــەروەریت زۆر بێشـــــوومارە
چـــاوی ئیحســـانت ئـــەبینن هـــەمووان
یـــەزدان داویـــەتی بـــە مـــن فەرزەنـــدێ
عومری گەییوە بـــە ســـێو چـــوار مانگـــان
بـــەختی بـــێ رزقـــە، ئیقبـــالی شـــوومە
دایکـــی بـــێ شـــیرە، تیفلـــی بەســـەزمان
بـــە چـــەند مەینـــەتو بـــە کـــوێرەوەری
پەروەردەی ئەکەین بـــە شـــەکرو رازیـــان
ئەمـــە چـــەند رۆژە شـــەکری نـــەماوە
گریـــــەو فوغـــــانی ئەگاتـــــە ئاســـــمان
جـــا بـــۆ ئیـــدارەی ئـــەم بێگوناهـــە
ئیلتیجـــا ئەکـــەم لـــە عەدالـــەتتان
ئـــەمر بفـــەرموون شـــەکری بـــدرێتێ
تـــاکو بێچـــارە ئـــەمرێ لـــە برســـان

ئیقتیساد

حکایــــەتێکی کــــورت و موختەســــەر
بۆتــــان بەیانکــــەم بیخەنــــە دەفتــــەر
وەکــو شــانامە هــەر شــەو لــە لایــە
بیخوێننــــەوە لــــە لای مەلایــــە
باســــی ئیقتیســــاد ئەکــــەم بــــرادەر
گرتنــــی نەفســــە نــــەوەکو زەرەر
داهــــاتی خۆمــــان بــــا بخــۆین چــاکە
ســــنعاتی وەتــــەن دروســــت و پاکــــە
کلاشــــی خۆمــــان ســــەراپا پــــەڕۆ
بیکــــەرە پێــــت و خێــــرا پێــــی بــــڕۆ
کەوشــــی یەمــــەنی بــــۆ پیــــاو موناســــیب
جــاش کەوشــێ بکــڕە بــۆ پیــاوی کاســب
لــە خــوری و مــەرەز، پۆشــاك و بــەرگت
بــــازاڕت گــــەرم بــــا دووربــــێ مــــەرگت
دۆشــــاوی باســــوق ئــــەنواعی حــــەڵوا
خۆشــاوی شــەربەت مــەدە بــە خورمــا
شــــەرابمان دۆشــــاو، (مێــــوژە خــــۆلاوە)
فرێیــــدە چــــایی و ئەســــبابی قــــاوە
ئیقتیســــاد بکــــە هــــەر بخــــۆ ســــەبیل
جگــەرەت نــەوێ گــوێ مــەدە بــە فیــل
مــــەکرە شــــقارتە بــــە پــــارە و قــــڕوش
ئەســتێ هــەڵگرە تــاوێکی بــۆن خــۆش
کــە پنــەکم خــوری هــی مــەڕی ناوجــار
نامــــەوێ پــــاڵتۆی بــــیلادی و بولغــــار
باســــی ئیقتیســــاد گــــەر بکــــەم بــــەیان
قەڵــــەمی (مــــەزڵوم) بــــۆم نایەتــــە ژوان

بەرزنجە

خاکـــە پاکەکـــەی بەرزنجـــەی دڵگـــیر
بێشـــەی شـــێرانە جێـــی ئـــەولیاو پـــیر
چـــاوگەی ســـازگاری داوێنـــی چـــیا
دەرمـــانی دەردی نەخۆشـــی ئـــەدا
ســـــروەی نەســـیمی بـــەیانیانی زوو
بـــە شـــنەو خەنـــدەو شـــادی دێتـــە روو
ئـــاوی ســـازگاری چـــەشمەی خـــاوەن فـــەڕ
شـــیفای دەردانـــە لـــە لوقمـــان چـــاکتر
چ چـــاو ئەنـــدازە وەلیکـــەی نـــازدار
بـــە دێمـــن بوونـــە مێـــرگو مێرغـــوزار
عـــەماری نـــۆكو زەڕاتو جۆیـــە
چ خـــۆش نیشـــتمان بـــۆ مـــنو تۆیـــە
دەنـــگو چـــریکەی کـــەوێ کوێستانان
ئـــەخوێنێ وەســـفی خۆشـــی نیشـــتمان
وەختـــێ شـــوعلەی رۆژ ئەیـــدا لـــە شـــاخان
پرشـــە پرشـــی دوور ئـــەدا لـــە کـــەیوان
وەکـــو ئاوێنـــەی جـــامی جـــەم وایـــە
هـــەردەم وێنەیـــەك لـــە نـــاوی دایـــە
بـــە رەزا لەگـــەڵ خونچـــەی گوڵانـــدا
بـــە یـــەکتر شـــادن لەســـەر ملانـــدا
تێـــك ئـــاڵۆزاون گوڵاڵـــەو چـــنوور
ئەم بە کەوای ســەوز ئـەو بـە رەنگـی ســوور
نەخشـــاوی ئـــەمری زاتـــی کردگـــار
وەســـفی خۆشیشـــی دوورە لـــە گوفتـــار

هەر بمێنی

هـــەر بمێنـــێ چـــاکە نـــەمرێ، کۆنـــەحیزو باجییـــە
چـــونکە ماتـــە بـــۆ حـــاڵی خـــۆی، باعیســـی ئازادیـــە
شـــێتو شـــەیداو هیلاکـــی تـــۆزی ئـــاوی شـــەهوەتە
حـــاڵو شـــەرمی کوانـــێ، دینـــی، تـــاڵیبی گەوادییـــە
ســـەری زلو سمتـــی پـــانو چـــاوی شـــۆڕی دیـــارە
کۆنـــەحیزی چـــۆڵو دەشـــتو پـــاڵ کـــەژو نـــاو ئاواییـــە
تـــا بمێنـــێ ســـەیرو ســـەفای نـــەرمو شـــلی ســـەر سمتەکـــەی
هەر لـە کەیفو شەوقو شادی هەر لـە عیشـوەو شـادییە
بەرقـــەرار بـــێ، دەبـــێ چـــاکە بـــەر قـــەراربێ، بەرقـــەرار
نەرمو شل ناو دۆڵی سمتـی، گەرمـە کـوورەی حەدادییـە
تـــۆ لـەگـــەڵ حیـــزو قەحبـــەو زۆڵو حـــەرامزادەی
چـیتە کـارت کاکـە (مـەزڵوم) باعیســی بـێ چـاوییە

من و بەگ

مـن ئـەزەل نیمـە خـوڵقی بـێ حـەیایی‌و بـێ شـەرم
بـەگ جـەنابی دوو بـەیانی سمتـی وا کەوتـە بـەرم
بێ تەحەموول، بێ قـەرار بـوو دەستی نایـە دەستم وتـی
مـن لـە بـۆ شـێخ‌و مـەلا بەندەیـەکی بـێ سـەرم
وتم ئەی بەگ بێ موشـەقەت پـێم نیشـاندە رێـی حـەرەم
وتـی مـاڵ‌و گشـت حـەرەم پێشکەشـت بـێ سـەروەرم!
وتم لوتفـت بـا زیـاد بـێ، کـامی لـووس‌و بـێ مـووە
وتـی یـا شـێخ خـۆت ئـەزانی لـەم حسـابە بـێ بـەرم
عـەرزی مـیرم کـرد کـە سمتـی رەعنـا خانـت نازکـە
وتـی سـاحێب ئیختیـاری نازەنینـە هـەم نـەرم
وتم ئـەی بـەگ پـێم نیشـاندە تـۆ مـەکانی خـەڵوەتم
وتـی بەنـدە خـادمێکی بـێ نـەواو بـێ فـەڕم
فەردی (مەزڵوم) فەردی رەعنا شیعری فـەردی کوردییـە
پـڕ لـە لـەغزو پـڕ موعـەمما مـن شـایەتی نـاو دەفتـەرم

☆ ☆ ☆

کـە دنیـای بـە گـای بـێ گـاوان زانـی
تێکـی بشـکێنێ‌و بیکـا تـالآنی
لـە بـۆ ریـش هـات‌و هیتلـەر نـەیزانی
کـە سمێڵیشـی دەنێتـە بـانی

بسم اللّه

ئەی قەڵـەم تـۆ بـۆم بنووسـە بـە جـارێ نـاوی بسـم اللّه
ئـەی زوبـان تـۆ بـۆم بەیانکـە بـە دائـیم نـاوی بسـم اللّه
لـە ئیجرای نوێژو دینـە، بـۆ حیفـزی دیـن هـەر پەرژینـە
دەم بـە دەم تەرکـە زوبانـت دەخیلـە تـۆ بـە بسـم اللّه
چ کارێ موشـکیل گوشـایە، دەلیلـی چـۆڵو سـەحرایە
رەفیقـی کـاری تەنهایـە لێـت مـەعلوم بـێ بسـم اللّه یـە
چـــرای شـــەوی تاریکـــە، دەلیلـــی پـــردی باریکـــە
رەفیقانـــت تـــۆ حاڵیکـــە یەکســـەر بڵـــێن یـــا بســـم اللّه
کـاری گـران سـەهل ئـەکا، دڵـی وێـران تـەعمیر ئـەکا
هەزاران شـەیتان زنجیر ئـەکا، تـۆ هـەر بخوێنـە بسـم اللّه
لـــە ئـــەجزای نوێـــژو دینـــە، لـــە ئەســـبابی خـــوا ناســـینە
بـۆ ئـایینیش ئـەو پەرژینـە، هـەموو شـادبین بـە بسـم اللّه
باعیسی ئـاوی کەوسـەرە، سەربەسـتی رۆژی مەحشـەرە
رۆژی جـــەزا موعتەبـــەرە، کاکـــە بڵـــێ تـــۆ بســـم اللّه
لێت مەعلوم بێ ناوی خوایە، زیکری جوملـەی ئەنبیایـە
(ئەورادی) شا هەم گەدایە شـامو سـەحەر هـەر بسـم اللّه
دەخیلـت بم (مـەزڵوم) ئامـان تـۆ بزانـە بـە رۆحو جـان
فـەرت نییـە بـە تۆزقاڵـێ ئەگـەر نـەڵێیت تـۆ بسـم اللّه

شوكرانە بۆ خوا

حەمدو سەنای زۆر لە بۆ ئەو خوایە
مەوجودە دائیم لە هەموو لایە
خالّقی ئاسمان، حەوت بە حەواوە
بە بێ کۆلّەکەو دیوار وەستاوە
سفرەی رەحمەتی داخست لە زەمین
لە بۆ مەجوسیو گەبرو موسلمین
لە سفرەی ئەوە بە عەدلو کەرەم
رۆژانە ئەخۆن عالەم زۆرو کەم
فەرق ناکا دۆستی لەگەلّ دوژمندا
هەرکەس بە پێی خۆی رزقی پێ ئەدا
مولحید کفرکاو رێی عیسیان بگرێ
لە رزقو دۆزی فلسێ نابڕێ
دۆستو دوژمنی هەر بە یەك دەستوور
رزقیان ئەداتێ، بەلاّم خوارو ژوور
قسمێ بە رەنجو هەولّو تەقەلا
هەندێکیش ئەیدات لە لای (لابەلا)
قسمێ بە زۆری قۆلّو هەولّی شان
قسمێ تر ئەیخوا نانی (ناوچەوان)
بە قسمێ ئەدا نگینو ئیقبال
ئەبێ بە (قارون) بە سەروەتو مالّ
قسمێ تا نانی رۆژێ ئەسێنێ

ڕیخۆڵـــەو دڵـــی بـــە ڕەنـــج ئەپســـێنێ
تەقســـیمی ئـــەزەل چـــۆن بـــۆی دانـــاوە
هـــەر ئـــەوەی هەیـــە هـــەتاکو مـــاوە
بـــە بـــەعزێ ئـــەدات نـــانی موشـــەقەت
بەعزێ ئیست‌ڕاحەت، ســـەیران‌و ســـیحەت
(مـەزڵوم) پێـی نـاوێ خـۆت موبتەلاکـەی
بـــۆ دونیـــا خـــۆت تووشـــی بەلاکـــەی

مردن

مــردن لــە داغــت دڵ پــڕ بــرینم
شــەوو رۆژ دائــیم هــەر لــە گــرینم
بــە شــەو خــەیاڵت کــە دێ بــە ســەرما
بلێســـەی ئـــاگر وا لـــە جگـــەرما
ئـــەحواڵی قـــەبر دێتـــە بەرچـــاوم
دەجۆشـــێ دڵو جـــەرگو هـــەناوم
بلێســـەو گـــڕەو گریـــەی دەروونم
قرچـــەی دڵەکـــەی زارو زەبـــوونم
ئـــاگری عیســـیان لـــە ســـەرتابەخوار
دەتکــێ لــە ئــەعزام ســووتانی یــەکجار
نـــەماوە ســـەبرو تاقـــەتو تـــابم
غـــەیری ئـــازارو دەردو عـــەزابم
بەو حاڵــە (مــەزڵوم) شــەو دەباتــە ســەر
بە سەد موشــەقەت جــەفاو دەردی ســەر

پاڕانەوە لە خزمەت پێغەمبەر

یا محەمەد من زەلیلی دەستی شەیتانم دەخیل
شەرمەزارو رووسیاهو غەرقی عیسیانم دەخیل
دڵڕەش و بێتاعەت و شەرمەندەیی قاپیەکەتم
بێکەسم، دەربەدەرم، حەبس و، زیندانم دەخیل
غەیری لوتفت من پەناهو پشتیوانم خۆ نییە
یەك نەزەرکە، جاربەجارێ مەردی مەیدانم دەخیل
مەزرەعەی تەقواو تاعەت، وشك و بێ ئاوە تەواو
ئیلتیماس چارە، ئەی هەوری رەحمێ دەخیل
بێ دەلیل و کوێری رێگەم، بێ قایدو دەست و عەسا
سەرکزو دڵ حەزینی رۆژی میزانم دەخیل
تۆی (شەفیعی موزنبین)و من زەلیلی دەرگاکەتم
بگرە دەستم موستەحەقی قەعری نیرانم دەخیل
رەحمی تۆیە من ئومێدم، ئەی رەحمەتەن للعالەمین
منی (مەزڵوم) دڵ حەزینم دەس بە دامانم دەخیل

پێغەمبەر

قەڵـــەم، قوربـــانی، نـــووکی خامـــەت بم
دیســـان بـــە فیـــدای ســـەتڕی نامـــەت بم
بنووســـە مـــەدحی شـــای خەیرولبەشـــەر
یـــەعنی محەمـــەد شـــەفیعی مەحشـــەر
بهێنـــە تـــەحریر ســـەڵاتو ســـەلام
بـــۆ خـــۆیو ئـــەهلو ئەســـحابی کـــیرام
شـــەوو ڕۆژ دائـــیم ســـەڵاتو ســـەلام
بنووســـە نـــەعتی شـــای خەیرولئـــەنام
لەبـــەر تـــۆ کـــردم (دنیـــاو مـــا فیهـــا)
بـــەڕو بـــەحرو ئـــاو، هـــەم بـــادو هـــەوا
تـــۆم کـــرد بـــە شـــافیع ڕۆژی قیامـــەت
شەفاعەت بکەیت خـۆش بـە لـە ئومـەت
بـۆ مـوعجیزەی ئـەو بـەردی بـێ گیـان:
هێنایـــە گوفتـــار هـــەر وەکـــو ئینســـان
ئـــەو مســـتەفایە دۆســـتی خوایـــە
لەبـــەر ئـــەو دنیـــاش هاتۆتـــە کایـــە
لـــە ڕۆژی حســـاب، ســـاحێب گوناهـــان
ئەکـــەیت شـــەفاعەت لـــە ڕۆژی دیـــوان
عاســـیو خـــەتابار لـــە ئوممـــەتی تـــۆ
ئەبەخشـــێ لەبـــەر خۆشەویســـتی تـــۆ
خـــودا بـــە جـــاهی شـــای بـــۆراق ســـوار
خۆشـبە لـە جـەوری (مـەزڵوم)ی هـەژار

تەکەبوورکردن

بیســـتوومە ڕۆژێ شـــەیتانی مـــەبغووز
کـردی تەماشـا لــە لــەو حلـمـە حفــووز
دیتــی بــە خــەتی قــودرەت نووســراوە
بـــە فرمـــانی حـــەق، ئــیعلان کـــراوە
یـــەك مەلائیکـــەی مووقـــەڕەبی خـــوا
لــە ئــەمری ئـامر (بــێ ئــەمری ئــەکا)
شەیتان ئەمەی دی لــە لــەوح نووســرابوو
بــە ئــەمری یــەزدان نەشـــر کرابـــوو
گەلێ مـەغروور بـوو تەکـەبووری کــرد
تـا تـەوقی لەعنــەت بەرگـەردنی کــرد
(مەزڵوم) ئەگەر تـۆ هۆشـت بـێ لـەسـەر
قەت تـفو لـەعنـەت ناکـەی لــە بەشـەر

شوکرانە بۆ خوا

حەمدو سەنای زۆر بۆ خودای بێباك
لا شەریکە ئەو، فەردو تەنهاو تاك
خالّقی وەحشیو مەلو موورو مار
رازقی رزقی زیروحو گیاندار
دروستکەرەکەی سەماو سەر زەمین
دۆزەخو ئەعراف، فیردەوسی بەرین
ئاگاهدار لە حاڵ، حاڵی بێ حالاّن
هەم بێداری شەو، ناڵەی زامداران
ئادەمو حەوات دروست کرد لە خاك
بە سورەتی جوان بە ئەخلاقی پاك
بە لوتفو کەرەم بە رووی موحیبەت
ئەمرت پێکردن تا بچنە بەهەشت
فەرمووت لە گەندم مەخۆن وریابن
نزیکی مەبن لێی تەوەللابن
شەیتانی لەعین تەفرەتان نەدات
بە سیحرو جادوو ئیغفالتان نەکات
تەقدیری خۆت بوو شەیتانی بەدبەخت
خۆی کرد بە عابد چووە ناو بەهەشت
بە مەکرو حیلە ئیغفالی کردن
کە گەندمیان خوارد بێحاڵی کردن
چەندە مانەوە بە عسیانەوە
تۆبەیان ئەکرد ئەپاڕانەوە
بە لوتفو کەرەم تۆ عەفووت کردن

دیسـان رەوانـەی سـەر زەویـت کـردن
لە نەسلی ئەوان چەند سەد هەزار کەس
کـردت بـە نـەبی، نامـەت دانـە دەس
بۆ سەر تەوائیف یەك بە یەکت نارد
بۆ تـەبلیغی دیـن حوکمـت پێسـپارد
تـۆ لێـی خـۆش ئـەبی ئەیخەیتـە جینـان
سـیرەتی بابـە بـۆ فرزەنـد جێمـان
بـۆ خـۆت فەرمووتـە تۆبـەم قبوڵـە
تۆبـەی حـەقیقی لـە لام مەقبولـە
مـن گـەلێ عاسـیو خەجاڵـەتبارم
روو زەردو مـەحجووب هـەم شـەرمەزارم
سـیوای زاتـی تـۆ هـیچ کـەس ناناسـم
راجعـی خـۆتم خـراپ یـان خاسـم
خودایـە تۆبـەم لات ببـێ قبـوڵ
چـونکە مـوزنیبم (مـەزڵوم)و مـەلول

نەخۆشی مردن

حـــەکیمی دەردان، حـــەکیمی دەردان!
شـیفا بەخشـی کـوول دەردی بـێ دەرمـان
لـــە وەقتـی حالـــەت (مـــەرەزی مـــەوتا)
بگـــە بـــە هانـــام کـــەریمی یـــەکتا
پـــەناهم بـــە تـــۆ پادشـــای مـــەنان
قـــەترەیێ رەحمـــەت دەریـــای بێپایـــان
بـــەڵکو خـــەلاس بـین لـــە هـــەموو دەردان
مـــەحفوزمان بکـــەی لـــە سـەلبی ئیمـان
دیســـان لـــە دەســـتی شـــەیتانی لـــەعین
نـــەجاتم بـــدە پادشـــای مـــوعین
بـــەڵکو دەربچـــم لـــە دونیـــای فـــانی
بـــە ئیمانـــەوە بـــۆ جاویـــدانی
هـــەم بـــە ئاســـانی دەربچـــێ رۆحـــم
تۆبـــەبێ خـــوا تۆبـــەی نەســـوحم
قـــەومان و خۆیشـــان هەریـــەك لەلایـــە
شـــین و گـــرین و هـــەر واوەیلایـــە
منـــیش هـــیلاکم لـــە تـــاو دەردی خـــۆم
لـــە ئێشـــی نـــەزع و حـــاڵی مـــەرگی خـــۆم
تکایـــە عەشـــرەت، بـــۆ مـــن قـــەت مـــەگری
هەرکەس بۆ حـاڵی مـەرگی خـۆی بگـری
هـــەموو کـــەس ئـــەمرێ یـــەقین و مـــەعلوم
منـــیش بـــەرێوەم زەعیـــف و (مـــەزلوم)

کفن و دفن

پادشـــای غــەفوور، پادشـــای غــەفوور
رەحمـــانو رەحـــیم، پادشـــای غـــەفوور
هیـــوام بـــە تۆیـــە، حـــاکمی مەحشـــەر
قەڵـــەمی عـــەفووم بـــدەی لـــە دەفتـــەر
وەقتـــێ کـــە مـــردم، گیـــانم لـــەدەس چـــوو
قـــەومو خوێشـــانم هـــەموو مـــەئیوس بـــوو
کفـــــن ئـــــەکرن بەقـــــەدەر بـــــاڵام
بـــە دڵـــی حـــەزین بـــە جـــەرگی پـــڕ زام
مـــەلا بـــانگ ئەکـــەن بـــە ئەســـرینەوە
بـــۆ ســـەر مەیتەکـــەم بـــە گرینـــەوە
لیبـــاسو بـــەرگم لا ئەبـــەن یـــەکجار
تەختەشـــۆر دێـــنن بـــە چـــارو ناچـــار
وەقتـــێ کـــە شـــۆرام (مـــن بـــە تەمامـــەت)
ئەیکـــەن بـــە بـــەرما بـــەرگی قیامـــەت
مـــەلا ئـــەخوێنێ نوێـــژ لەســـەر مـــەیتم
گشـــت بـــەرێی ئەکـــەن تـــەرمو تـــابوتم
جگـــەر بریـــانم وا بوومـــە قەقنـــەس
فریـــام بکـــەوە خـــودای فریـــاد رەس
ســـوار ئـــەبم لەســـەر پشـــتی ئەســـپیدار
چـــوارپێی ئەســـپەکەم ئینســـانی رۆحـــدار
ئەمبـــەن بـــۆ قـــەبران خـــەیلێ بـــە تـــەعجیل
لـــەوێ دامئـــەنێن سەرســـامو زەلیـــل
ئەمخەنـــە قـــەبر بـــە ئـــەڵڵا ئـــەڵڵا

ئایــات ئــەخوێنن لـــە کەلامولئــەڵڵا
مــەلا بــانگ ئەکــەن تــەلقینم ئــەکا
مــەر خــوای غــەفوور رەحمــم پێبکــا
تەســویەی قــەبرم ئەکــەن بــە هــەمووان
بــەجێم ئــەهێڵن قــەومان و خوێشــان
(مــەزڵوم)یــش بــە دڵ یــەك رجــا ئــەکا
هــەمووتان بڵــێن خــوا عــەفووی بکــا

نۆ هەواری قەبر

کانی کۆی کەرەم، کانی کـۆی کـەرەم!
کـەریمو غـەفوور، کـانی کـۆی کـەرەم
ئومێـــدم تۆبـــە خـــودایی غـــەففار
لـــەناو قـــەبردا بگـــەی بـــە هـــاوار
وەقتێ کە ئـەمرین کـۆچ ئەکـەین لـەپڕ
نـــۆ هـــەوارینو نۆمـــاڵی قـــەبر
لـــەناو قـــەبردا غـــەریبو مـــەهجوور
هـــیچ کـەس نـابینین لـە نزیـکو دوور
خێـرا بـە ئـەمرت یـەکتای لامـەکان
حـازر لەسـەرمان مەلەکـەی رەحمـان
جوابیـــان ئـــەدەین بـــە ئیزنـــی خـــوا
فەسـیحو بـەلیغ سەربەسـتو وریـا
مـەعبوودی حـەقم یـەزدانی تاکـە
پێغەمبـەری مـن شـاهی لەولاکـە
ئیمـام قورئـان، قیبلـەم کەعبەیـە
دیـنم ئیسـلامە، ئیمـانم هەیـە
لێمـان رازی بـن ئـامیرو مـەئموور
جێمان جەننەت بێ هـەر خـۆتی غـەفوور
چـونکە غـەریبم بـێ ئـەنیسو کـەس
کەسـی بێکەسـان بـە فریـادم رەس
دوعـام قوبوڵکـە خـالیقی بەشـەر
لەبـەر خـاتری سـالاری مەحشـەر
دیسـان بـە خـاتر جـەمعی ئـەنبیا
هـەم بـۆ خـاتری فیرقـەی ئـەولیا
قوبوڵکە دوعـام ئـەی (بـەحری علـوم)
(الهـي أنـا عبـدك المظلـوم)

ڕۆژی خەیاڵ

ڕۆژی خـەیاڵ بـە دڵما هـات کـەوا بیسـتە تەمـەن یـاران
بـە چـی مەشـغوڵ ببم، ئیـتـر چـی بـێ سـەبەبی گـوزەران
لە دوای گەلێ فیکـرو خـەیاڵ بـە مەئیوسـی دڵـم دەرکـرد
لەبەر چاوم نەما نەسـرەت کـە مـن ئـەمرم، ئیـتـر بـێ نـان
کـە مـن کەسـبو کـارو ئیشـم لـەبـەر دەسو چـاوم نـەبوو
بـە مـەجبووری بگـرم کەسـێ کـە سـاحێب سـفرەو خـوان
فەقـەت وتم وەهـا چـاکە لـەسـەر فیکـرو خـەیاڵی خـۆم
بـۆ ئـەو شەخسـە مـن بنووسـم نامەیـەکی عەنبـەر ئەفشـان
خـەیاڵاتی دڵـم هاتـە وجـودو مـن بـەیانم کـرد
ئەگـەر مـن تـاڵیبی دنیـام، ئـەبێ فیکـرم نـەبێ ئیمـان
ئەگـەر موحتـاجو بـێ نـانم لـە دنیـادا چـییە بـاکم
کـە ئـەم دنیـا فانییـە، وەفـای نییـە لـە بـۆ ئینسـان
شوکر (مـەزڵوم) لـە فـەزڵی خـوا خـەریکی حەمدیـە دائـیم
خەساراتی نییە بـۆ کـەس خسـوس دەرحـەق بـە موسـوڵمان

پاڕانەوە لە خزمەت پێغەمبەر

ئـەی شـافیعی رۆژی مەحشــەر، دەسـتی مـن‌و دامـانی تـۆ
روو ســـیاهو پـــڕ گونـــاهم دێمـــە حـــزوور دیـــوانی تـــۆ
تۆ مـەحبوب‌و هـەم ئەقدەسـی، مـن ئەسـیم‌و شـەرمەزار[1]
غــەرقی بــەحری مەعســـیەتم دەخیلـــی تـــۆم ئامـــانی تـــۆ
شـیفای دەردم لــە لای تۆیـە ئـەی رەحمەتـەن للعالـەمین
خـۆت ئـەزانی‌و چارەسـازی دەردی مـن‌و دەرمـانی تـۆ
نییــە شـــیفای دڵـــی زارم روو ســـیاهو بـــێ قـــەرارم
مەگەر بـۆ خـۆت بکـەی چـارم یـا پادشـای گـەیلانی تـۆ
دڵ حـــەزینم هـــەر وەکـــو نـــەی بـــۆ فیرقـــەت ئـــەناڵێنێ
ئینتـــزاری لوتفـــت ئەکـــەم، عاشـــقی تـــۆم حـــەیرانی تـــۆ
مـن عاشـق‌و حـەیرانی تـۆم ئـەی سـەیدی مـەولای مـن
دەرکـــراوو دەربـــەدەرم لەســـەر خـــوان‌و ئـــەیوانی تـــۆ
لـــە دیـــوانی ئیتاعـــەتا (مـــەزلوم) کـــوێری بـــێ گۆچـــانە
رێنمـــاو عەســـای دەســـتم لـــوتفی تۆیـــەو ئیحســـانی تـــۆ

[1] ئەسیم: واتە خەمبارم.

سکاڵا لە خزمەت خوادا

رەببی تۆ بۆچی منت ریسوا کرد
لە موڵكو میللەت منت جیا کرد
بۆچی بە جارێ کەسیفت کردم
لە فەیزو رەحمت موفلیست کردم
تانەی ئەغیار کەوتووە بە بار
بە دڵی حەزین لێت ئەکەم هاوار
شیفای دەردم لای تۆ مەوجودە
لە دنیاو ئاخر هەرتۆم مەقسودە
بەحری کەرەمت بۆ نایەتە جۆش
زەڕەیەك بەخشی بە منی بێهۆش
گەرچی من عاسیو خەجاڵەت بارم
روو زەردو مەحجوب زۆر شەرمەزارم
لە موڵکی تۆدام هەر لەوێ ئەمرم
بە رووی رەشەوە دیوانت ئەگرم
غەرقی عسیانم دێمە حزوورت
بۆ تاوانبارە ئیسمی غەفوورت
خوایە بە جاهی شای بوراق سوار
خۆشبە لە جورمی (مەزڵوم)ی هەژار

بۆ بەرزنجە

دیسان ئەلسەلام ئەی کۆگای گەوهەر
جێی ئەولیاو شێخ، خەتیبی مینبەر
من بۆ حاڵی تۆ شێواوە حاڵم
بۆ دزو جەردە: بۆ بووی بە سێبەر
ئادەمو پەری، عەشایر هەموو
بۆ ئیتاعەتت بەستبووی کەمەر
خاکت گەوهەر بوو، غوبارت جەوهەر
چەندە شەریف بووی لای خواو پێغەمبەر
ئێستاکە بۆچی کزو داماوی
هەروا زەلیلو خوارو موحەقەر
زەمان رووی رەشبێ بۆ دەورو چەرخی
کردی پامالی ئەولادی حەیدەر
من کە ئەسیمو پیسو بەدکارم[1]
دوعام ئەمەیە قەومو برادەر:
بە (مەزڵوم) بڵێن بۆچی شێواوی
لە داغی عالەم، چەرخی دوون پەروەر

---

[1] ئەسیم: خەمبار.

سکاڵا لەگەڵ پێغەمبەر

پێغەمبــەر بــە نــاو مــن ئــەولادی تــۆم
وەچــەی عــەلیمو ئەســڵ زادی تــۆم
دیســان لــە نەسـلی فاتیمــەی زەهــرام
تــۆ (بــاپیرمی) بــە مــەعلومی عــام
ئــەمن هەرچــەندە ســپڵەو بــەدکارم
غــەرقی عیســـیانم خەجاڵـــەتبارم
عالـــەم ئـــەزانێ تـــۆ بـــاوانمی
ســـەگی رووســـیام تـــۆ خـــاوانمی
لــە دنیــا هەرکــەس هــەیێ خاوەنــێ
نــەجاتی ئــەدا لــە گشــت تاوانــێ
لــە تــۆ زیــاتر هــیچ کەســم نییــە
کــە تــۆ کەســم بــی، کەسـم بۆچــییە
تــۆش لــە لای خــودا زۆر موقەدەســی
بــۆ گوناهکــاران تــۆ فریــاد رەســی
قورئــانی کــەریم هەدیــەی بــۆ تۆیــە
ســەفەری میعــراج دەعــوەتی تۆیــە
ئەمانــە هــەموو بــە ئــەمری مــەعبود
بــۆ خــاتری تۆیــە هاتوونــە وجــود
تــۆش بــۆ خــاتری یــەکتای لامــەکان
هــەم بــۆ خــاتری ئایــاتی قورئــان
ئـــەو رۆژە خـــودا ئەبێتـــە حـــاکم

جــــەنابت قـــازی شـــەفیعو عـــالم
دەفتــەری جــورمم کــە هاتــە دیــوان[1]
قەڵـــەمی عـــەفوو بـــدە لـــە عسـیان
زۆر خەجاڵــــەتم کـــۆڵم عســـیانە
پیشـــەی (مـــەزڵوم)یـــش وەك زاڵمانــە

[1] جورم: گوناه.

پاڕانەوە لە خزمەت خوادا

خودا بێزارم لە قەلبی حەزین
بێزارم لە خۆم، ئەحواڵو نگین
لە بەختی شوومو نەحسم تەوەللام
کە ئیقباڵو تەجەلیشم لێم بێبەرین
ئەمەندە باری میحنەت بۆتە بارم
قەدم عەینەن، بوو بە چۆگانی چەمین
لەبەر عسیان، دڵم رەشو قەلبم رەشو رووم رەش
(لە روو رەشم نانوێنێ رەشو شین)
لەبەحری قەسوەتا غەرقە گیانم
نەجاتم زەحمەتە بۆ جێگای ئامین
مەزرەعەی تاعەتم وا وشکە تەواو
سەراسەر زەرد بووە وەك پووشی هاوین
لە دڵدا ئاتەشێکی دەردی عیسیان
کلێپەی سەندووە، بلێسەی بەتین
ئەمەندە عاسیو خەجاڵەتبارم
خوداو پێغەمبەرم لە من نارازین
لە دنیا ئەمەندە عاسیو یەتیمم
هەموو عالەم لە من تەبەڕاو بەرین
خودایە بەم هەموو گوناهەوە چۆن:
ئەبێ بێمە دیوانت رۆژی دوایین
منو نەفسم چۆن لە رووی تۆو حەبیبتا
ئەتوانین چاوی خەجاڵەت هەڵبڕین
زوبانم چۆن ئەتوانێ بێتە گوفتار
کە نەیبوو لە دنیا زیکری یا موعین
ئیلاهی بە جاهی حەبیبەکەی خۆت
ببوورە لە جورمو خەتای (مەزڵۆم)ین

کزەڵ و مەزڵوم پێکەوە ئەم چوارینەیان داناوە

کزەڵ:

به بیری خۆم وەهام نیاز بوو سکەی رەواجی دین لێدەم
کە لێمدا بێ رەواج دەرچوو، فەلەك وا عەکسی هێناوە

مەزڵوم:

لە هەر لایەك هەبێ ئیمڕۆ ئەدیبو عالمو زانا
ئەویش وەك تۆ بە مەعلومی لە گەل هەروا بەجێماوە

بۆ دەفعی ژارو ژەنگی جگەرە
بنێرە بۆ من دوو دارجگەرە[1]

☆ ☆ ☆

فەرد

لە ناو جاخێکا وەك گونی بەران
کیلۆیەك زیاتر نەبوو بێگومان[2]

---

[1] ئەم تاکە بەیتەی ناردووە بۆ (شێخ جەعفەری شێخ حسێن) کە داوای دارجگەرەی لێکردووە.
[2] شاعیر ئەو بەیتەی ناردووە بۆ مامۆستا (شێخ جەعفەری شێخ حسێن) کە لە پێشدا داوای تووتنی لێکردووە.

سوپاس

سوپاسی بەڕێزان مامۆستا (مەلا مەحموودی کزەڵ)و مامۆستا (حسـ
نێرگسەجاڕی) دەکەم کە هەندێ تێبینیو چەند وشەیەکیان بۆ راستکردمەوە..
سوپاس بۆ مامۆستا یاسین کە خاڵۆزای شاعیرەو دەستی باڵای هەبووە
پاراستنی ئەم دیوانە بۆ جاری دووەم.

شێخ عمر سید أحمد
کوڕی مەزڵوم

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی مامۆستا ئومێد کاکەڕەش:

١) دیوانی عارف عورفی/ ساڵی ١٩٨٥.
٢) دیوانی حیلمی/ ساڵی ١٩٨٥.
٣) دیوانی سەلام/ ساڵی ١٩٩١.
٤) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی/ ساڵی ١٩٩٩.
٥) دەنگی چەند شاعیرێك، لێکۆڵینەوە/ ساڵی ٢٠٠١.
٦) دیوانی مەزڵوم/ ساڵی ٢٠٠٣.

ئەو بەرهەمانەی بەدەستەوەن بۆ چاپ:

١) هۆنراوەی سەرەکیی گلکۆی ئازیزان.
٢) جوولەکەی کۆلگێڕی شێخ سەلام.
٣) دیوانی ئیبراهیم ئەحمەد.
٤) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی.
٥) دەنگی چەند شاعیرێك، بەرگی دووەم.

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێر	بابەت	جۆری چاپ
٢٠١	بەئاشتی کردنی پەروەردە	عەبدولعەزیز عومەر	پەروەردەیی	چاپکردن
٢٠٢	پیاسەیەك بەکووچەکانی قەدەردا	ئاوێزان نوری	شیعر	چاپکردن
٢٠٣	گۆڤاری تێکست ژمارە (٥)	چاپوبڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٢٠٤	دەنگی بلورینی دەق	عەبدولخالق یەعقوبی	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٢٠٥	رۆناك	جگەرخوێن	شیعر	چاپکردن
٢٠٦	بۆ زمان	د.عیزەدین مستەفا	زمانەوانی	چاپکردن
٢٠٧	دوورگەی بێداری	تەها ئەحمەد رەسوڵ	شانۆگەریی	چاپکردن
٢٠٨	داستانی خەبات و ماڵئاوایی	شێخ حسێنە سوورە	بیرەوەری	چاپکردن
٢٠٩	ماچی گوڵشەن و کانیاوەکانی کوردی	ئەحمەد هیرانی	ئەدەبی	چاپکردن
٢١٠	شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨	عەبدولقادر ساڵح	رامیاری	چاپکردن
٢١١	کورد لەچەند تۆمارێکی مێژوویيدا	کەیوان ئازاد ئەنوەر	مێژوویی	چاپکردن
٢١٢	فەرهەنگی کورد ناسین	مەلا عەبدولخالق شوانی	فەرهەنگ	چاپکردن
٢١٣	شیخ محمد خال مفسرا	عمر علی محمد	ماجستێرنامە	چاپکردن